www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23:23:43 4-12-2006

# یەسنا لەژێر بارانا سەیری باخ ئەکا




**نووسینی نەبەز گۆران**

## پێشەکی:

ڕەنگە کارێکی عاقڵانە نەبێت پێشەکی بۆشیعر بنووسی , شیعر بەشێکە لەو ئازارەی پێشەکی قبوڵ ناکات , بەڵام من دەمەوێت لێرەدا تەنها لەو شوێنەوە قسەبکەم کە حیکایەتی ئازاری زەمەنێکی دیاری کراوی ژیانی خۆم دەگێڕمەوە نەك شیعرم نووسیبێ بەو مانا گەورەیەی شیعر لەگەڵ خۆی هەڵیدەگرێت .

دەبێت دان بەوەدا بنێم من شاعیرنیم و ناتوانم پەی بە گرانیشیعر ببەم , تەنها ئەوەندە دەزانم کەئازار بکێشم , دەشمەوێت ئازار بنووسمەوە نەك تایپێکی تری ژیان .

پێشم وایە تەڕی شیعر لەبرینەکانەوە دەسپێدەکاتو بەرەو نەمانمان دەبات , هەرئەمەیە والە شاعیرەکان بکات جێگەی مەترسی ئاسمانەکان بن , بینینی شاعیر بینینێکی کوشندەیە , وەك ووتم کەسێکی شاعیر نیم وەلێ لەو ئینسانانەم بەردەوام بیماریەك خزاوەتە ناو ژیانمەوە, بەهیچ وتنێك تیمار ناکرێ , گەڕانی من گەڕانە بەشوێن چرکەساتێکدا هەست بە خۆشبەختی بکەم کەنیمە , ئەوەیە دەردی بوون کە پڕتدەکات لە نائومێدیو هەرشتێك بتەوێت دەستیبۆببەیت نایەت بەدەستەوە. چارەنیە کاتێك ژیان تۆی نەوێت دەبێ تۆئەوت بوێت, من نازانم پێکەنین کەوتوەتە چ لایەکی ڕوخاوی عومرمەوە بۆیە دەنووسم تا بیگەمێ .

کەلێنێك لەژیاندایە تەنها بەبێدەنگی پڕ دەبێتەوە , بێدەنگیش ئەوپەڕی گاڵتەکردنە بە مردن, مردن ئەوەیە کەبێدەنگت دەکات , ژیان ئەمەی ناوێت , گەورەی ژیان ئەوەیە کە دەیەوێت تۆهەبیت , جا چ بوونێك , قسەکەرێکی وێڵ بەشوێن پارچەشکاوەکانی خۆیدا , ئالەو شوێنەدا هەستت بەئازارکرد بەرامبەر بەسادەی ژیان تۆلەو شوێنەدا شاعیریت , شاعیربوون شتێك نیە جگەلەچێش وەرگرتن لەئازاری بوون .

من دەمەوێت ئازارەكانی خۆم بەئێوە بناسێنم , بۆیە دەمەوێت پێتان بڵێم هەوڵ مەدەن ببنە شاعیر با فێری خەڵەتاندنی ژیان نەبن , جوانی ئێمە وەك ئینسانێ ئەوەیە خۆمان بنووسینەوە نەك خەڵكەكانی تر بنووسینەوە , هەرئەمەیە شاعیرەكان دەكات بەشەیتانی ووشە چونكە لەناو خۆیاندا بەشوێن خۆیاندا دەگەڕێن .

هەرگیز لێرەدا شتێكم نەوتوە لەدەرەوەی خۆم بێت , زامێك كەوتوەتەسەر عومرم هەوڵم نەداوە ببمەحەكیمی ئەوزامەو سارێژی بكەم تەنها كاری من كولاندنەوەی برینێكی گەنجیەتیمە لەم تەمەنە منداڵیەدا .

هەمیشە ئەمەم ووتوە (( بێزار دەبم كە كەسێك پێم بلێت تۆ شاعیری یان نووسەری یان ڕۆشنبیری )) ئەم سێ ووشەیە بۆحیكمەتی بوون شەرمەزاریەكی گەورەیە , من دەمەوێت ژیانبكەم , دەمەوێت تامی ئازار ببینم , دەمەوێت دەمەو عەسرانێكی تەمەنم لایەك لەمنداڵی و گەنجیم بكەمەوە , نازانم شاعیربوون و ڕۆشنبیر بوون چیە , بەڵام دەزانم ژیان سێبەری هەیە .

ببمبورن گەر بەشێك لە تەنیای خۆم لێرەدا نووسیبێتەوە , ڕاستیەكەی ئەمە تەنها بۆتاقە كەسێكە كەتۆیت ,ئەی ئەوەی لاپەڕەكانی عومرم دەخوێنی تەوەو ناتەوێت تێبگەیت , ئەی ئەوەی ڕێگە بەخۆت دەدەیت بەناو كۆڵانەكانی ژیانمدا بگەڕێیت و ئامادەنیت بۆجارێك تەقە لەدەرگای گۆشەگیریم بدەی.

دەمەوێت دوبارە چەشنی باخێك بتخەمە ناو بێدەنگی و ئیحساسم لەژێر سێبەری تۆدا بدات لەشەقەی باڵ , گوێ لەو چرپانەت بگرم كە جارێكی تر نایەنە ناو ماڵی تەنیایمەوە . ئارەزوی بینینێكت دەكەم ,بینینێك گەنجیەتیم ڕەنگ كات , بەوێنەی عارفێك نزای نزیك بونەوە دەكەم لەهەناسەی ژیانت .

دەتوانی كەمێك لێم نزیك بیتەوە تاپێكەوە ئەو چیرۆكە بخوێنینەوە گریان لەشەوێكی دووردا نووسیەوە . ئەوەی هەرگیز پێم نەوتبویت ئەم قسانەیە لەبەر دەستدان , تكا دەكەم پاش خوێندنەوەیان لەبیرم بكە, چونكە من هەرگیز لەكاتی خۆیدا نایەم, درەنگانێك دەردەكەوم كەتۆ تاقەتی پیریت نەماوە , تاقەتی بینینی منت نەماوە , تاقەتی گوێگرتن لەقسەكانی منت نەماوە , ژیانت پڕبوە لەئیسراف.

# یەسنا لەژێر بارانا سەیری باخ ئەکا

دەعوەتم کەن بۆ ئاو.... دەعوەتم کەن بۆ باران .
دەعوەتم کەن بۆمردن .... دەعوەتم کەن بۆلای یار .
ئەگەر هاتی......
کەس لەماڵ نیە
جگە لە بێدەنگی چۆلەکەو زۆری ئاو.
ئەگەر هاتی.....
بیٚ باران مەیە

هەرچەندە لەبەر زۆری ئاو ڕێنیە خۆمان پاککەینەوە .
لەبەر کەمی باران ڕێنیە تەنیابین ,
لەبەر نائومێدی هاوڕێیانمان ڕێنیە دڵتەنگ بین.
عادەتەن گوڵ کاتیٚ ئەپشکویٚ ... یار لەماڵ بێت.
هەرچەندە لەبەر دووری نیشتیمان ڕێنیە بوەستین
لەبەر شەڕی منالٚی ڕێنیە پیربین.
بەلاٚم گەر بڕژێیت بەسەر ئەم ماڵەمداِ
بیابان پڕ دەکەیتەوە لەدووریو تەنیایی من چۆلٚ دەکەیتەوە لەدەنگی ئاو .
تکایە گەر هاتی ...
تەڕ تەڕ وەرە

بادەستێکت بچێتە سەر حزوری ئێوارەو
چاوێکت ببێتە پاسەوانی حەوزی دوور لەڕوناکیم .

لەنێوان ماڵەکەی منو ئاسماندا
باران تەڕای ئەچنێ .
بەئەندازەی نزیکی منو ئاو ژیان فەزا کۆئەکاتەوە .
یەسنا, لەژێر تەنیایدا سەیری من ئەکات,
بۆ دووری من ئەڕوانێت لەمردنا.
منیش لەو خوارەوە سەرگەردانیی بەیادی باران ئەسپێرم

............ ............. ..............

ماڵەکەمان لای کۆڵانی بێتاقەتیەوەبو
ماڵەکەمان شالاوی پەنجەو ترسی میحرابی سەر سینە بوو
باوکم نزیك دەبوەوە لەلارو لەنجەی درەخت,
لە حیکمەتی ئاو.
جاران باوکم باخەوان بوو
ئاوی ئەبرد بۆهەنار تا دڵی خۆشبەختی شەق نەبات
خوشکەکانم لەڕێگەی بەرائەتی کانیا , لەژێر سێبەری باخا
گۆزەیان پڕئەکرد لەغەریزە
ژیانیان ڕەنگ ئەکرد لەچاوەڕوانی دوور..
لەبەر ڕۆشنایی ڕێنەبو بڕۆین , لەبەر منداڵی ڕێنەبوو گەورەبین .
لەبەر باران ڕێنەبوو پیس بین.
من باوکمم بینی لەژێر درەختا ژنی ئەچنی

**دایکمم بینی لەژێر دڵتەنگیا عادەتی ژیانی کۆئەکردەوە**

**یەسنام بینی لەژێر ئاسمانا شپرزەیی من هەڵئەخات**

**نەیشی پرسی........**

**.... ئەم دووریە چەن مەن گریانی ئەوێت**

**نەیشی پرسی....**

**... مردن هەنگاوێك دوورە بائەم ماڵە ئاوانەکەین**

**نەیشی پرسی**

**ئەم هەموو ئاوە / ئەم هەموو زەویە / ئەم هەموو درەختە /ئەم هەموو فەزایە**

**کۆتایی‌فڕینی چۆلەکە نیە !!**

**من دەمەویٚ کەمێك لە باخ بێدەنگتربین**

**ماڵمان بەرامبەر مەلەکوتی خودابێت ,**

**هیچ نەبێت لە شینایی ئاسمان نزیك بینەوە**

**_ ئاو _ شەرمبکات لەئێمە ناچیٚ !!**

**لە قەیاغی پەلکە گیاوە تەفسیر بۆ ئینسان بدۆزینەوە .**

**من ئەمەوێت کەمردین , کۆتایی دەنگی کوندە پەپو نەبێت**

**من ئەمەوێت کەمردین**

**کۆتایی فڕینی چۆلەکە نەبێت**

**من ئەمەوێت کەسەفەرمانکرد**

**کۆتایی شکانی گۆزەنەبێت .**

**کاری ئێمە پەیبردن نیە بە خەمی دڵ شکانی هەنارێکەوە**

**کاری ئێمە ئەوەیە**

**لەدڵی هەنارا حەقیقەتی مەرگ بچێژین .**

**لەسەر ئاوازی _با _ حورمەتی گەڵا کۆکەینەوە**
**لەژێر چەپۆکی شەوا ئەستێرە بچنین ... بۆیار**
**لەسەر تاقی عادەت ژیان لەبیر خۆمان بەرینەوە**
**نەشپرسین.....**
**کەس بروسکەی تێنەگرتوین تا هاوار لەزمانمانەوە بێتە دەر**
**نەشپرسین ........**
**کەس پشکۆی تێنەگرتوین تائەم بازاڕی سینەیە بێتە دەر**
**ژیان دادی هەنارە لەهەڵکردنی وەرزێکا**

**یەسنا لەژێر باخا سەیری گوڵ ئەکا**
**لەتەنیشت ژیانەوە بۆمن ئەڕوانێ ...**
**لای گەڕەکی کەمتەر خەمیەوە بۆمن ئەگری.... یەسنا**
**لەژێر لەچکی چڵە . نەعنایەك . گەردانەم بۆئەگرێتەوە لەخەم**
**ئێستا قیبلەم لای ماڵەوەیە.. کە نیمە**
**جار جارە ئاوازێك لای هۆشی قومێ شەراب جێدەهێڵم**
**تا گیانی تەنیایم بڕژێ بەسەر قانونی بێدەنگیا**
**بۆڵە ترێك بگرم بەلقی زمانەوە**

**تاڕۆژگارێ بەجێ بێڵم هێندەی چەمۆڵەیەك خەمناك**
**بەقەت تەڕبوونی پەیتاپەیتای ڕیشۆڵەیەك لەسەر لێرەواری ژیان**

**تەفسیر بدۆزمەوە بۆ قەرەباڵخی هێلانەی پەرەسێلکە**

**نەڵێم ئەم سەدەیە خاڵیە لەگولاڵە سورەو پڕە لەشاعیر**

**نەڵێم ئەم هەموو حەوشەیە .... ئەم هەموو نیشتیمانە**

**ئیحساس بای باڵی خۆیداوە لە نەسیمی ئێوارە**

**تازوە خۆت کۆکەرەوە.......... یەسنا لەژێر بێخەمیدا**

**بەشوێن مەرگا ئەگەڕێت پڕبوەلەتۆ**

**لەژێر .تەما. سەیری ژیان ئەکا, یەسنا**

**بەیادی منداڵی گۆرانی بۆمۆسیقا ئەڵێت , یەسنا**

**لای وەفاوە دانیشتوەو باسی شاری گوڵە زەنبەق ئەکات**

**بەتەنیشت بنچکی هێشوە ترییێە کەوە تێدەپەڕیٚو**

**نهێنی تامی شەراب ئەداتە کۆلاٚنێکی سەرخۆش**

**منیش غەشیمانە گویٚ لە حیکمەتی ژیان ئەگرم لەزەینی حەقیقەتا .**

**تکایە گەرهاتی .....**

**...... لەسەر عادەتی شەوبۆ وەرە**

**هەرچەندە من لێرەنیم و باخەکەمان لەبری سێبەر تەنیایی ئەگرێت**

**بەلاٚم کەهاتی.......**

**... لەسەر ئەحکامی وەرزەکان وەرە**

**سەیری ئێوارەکە بزانە چەن لەنیشتیمان ئەچێت**

**سەیری من بکە بزانە لە غەریبیا هەنار گولٚ ئەگرێت**

**بزانە لەوەتەنا  کێڵگەیەك هەیە بۆخەونی ئینسان**

**بزانە لەدووریا وەهمێك هەیە بۆژیان**

**ئاوا وەرە پەیتاپەیتا لەگەڵ بارانا , لەگەڵ ڕیشۆڵەدا**

**چەشنی گەڵاٚ نیانی خۆت بڕژێنە بەسەر سەدەکانا**

**تا ببیتە ئاو , ببیتە سێبەرو باران**

**بانگم کەن بۆماڵی ئاو... بانگم کەن بۆماڵی باران**

**بانگم کەن بۆماڵیسێبەرو بۆماڵیکوشتنو بۆماڵی   ... یار**

**یەسنا لەغەریبیا بۆمن ئەدوێ**

**لەنیشتیمانا_تەم_ ئەگرێتەوە بۆ بینین**

**لەشەقامی سەرگەردانیەوە تێدەپەڕمو**

**بەمەزەنەی خۆم خۆشی ئەوێم**

**وەلێ یەسنا دوورلەمن باخێکە لە((نەیلەوپەڕ))**

**لەژێر سێبەرا سەیری گیانیمن ئەکا.**

**لەژێر خۆشبەختیا گوڵ ئەخاتە سەر کوشتنی من**

**منداڵانەئەگریم بۆیەسنا , پیرانە ئەچەمێمەوە بۆیەسنا**

**تکایە گەر مردن هەڵیکرد چڵێ ڕێحانم بۆبنێرە**

**گەر دووری هەڵیکرد _ مشتێك _ خۆشەویستیم بۆبنێرە**

**تابەدیار شوعلەی عومرمەوە خەساریکەم .**

**لەژێر چڵو چێوی گۆشەگیری منەوە**

**بۆئایندەی عیشق ئەڕوانێت , یەسنا.**

**نازانیٚ سۆراغی عەشق لە گیانی لاوازی منا تووشی چ سەرمایەکی کوشندەبوە !**

**تێناگات تائەم کۆڵانە ڕەقوتەقەی ژیان ئاوابێت**

**ئەوەی هەمانە دەبێت لەسەر گۆڕەکانمان جێی بهێڵین !!**

**ئەبێت بەپێکەوەبون بڵێین::**

**خۆت خۆش ژیان ئازیزی خۆی لەدەس دا**

**دەبیٚ منوتۆ لەم غەریبییەدا بەرگەی نامەی هاوڕێکانمان بگرین**

**یەسنا, بەسەر شۆستەکانی مەغریبانی عومری منا**

**بەشوێن خۆشبەختیا ئەگەرێت.**

**لای ئاوابونی ئێوارە هەواڵی ئاسودەیی من ئەپرسێت**

**بێئەوەی بزانیٚ دوکانێك هەیە ژیانی منی هەراج کرد بەقومیٚ شەراب**

**کەس گویٚ لەدلٚ ئێشانی بۆڵەترێك ناگرێت لە کاتیمەست بونا**

**دەمەوێت ئێوارەیەك بەرلەوەی ڕوناکی دەرگاکانی خۆیم لیٚ قایمکات**

**لەسەر دیوارە سپییەکانی هەتاو بنوسم**

**(( ئاخری بیٚ یەسنایی ئەمکوژیٚ ,**

**ئاخری بیٚ یەسنایی هەڵم ئەوەرێنیٚ ,**

**ئاخری لەکۆڵانێکا بەمەستی یەسناوە ئەمرم ))**

**نازانم بڵێم ئەی یار...........**

**تۆ چ گوڵێکیتو لەحەوشی منا نەڕوایت**

**تۆ چ کۆترێکیتو دوور لەپەنجەرەکانی منەوە نەژیایت**

**من حەزناکەم بتخەمە ناو پۆرترێتی هیچ تەنیایەکی خۆمەوە**

**لای سێبەری قسەیەکی ڕوکەش جێت بهێڵم و**

**ئاخریش پێت بڵێم بمبەخشە عەزیەتی دووریم زۆرد**

**سەربوردەی ئەم دەردەی من ئەچێتەوە سەر سەرەتاكانی باران و**
**شالاوی هەناسەی دوولێو**
**بەلام كەس نیە لەكاتی لێل بونی _ ئاوا _ دڵ نەوایی پاك بونەوە بداتەوە**

**شەلاڵم لەتۆ یەسنا , شەلاڵم لەباران**
**شەلاڵم لە مەعنای ژیان لەمەرگی خۆما .**
**یەسنا لەنزیك ئارامی خەونی كەناریەوە ماڵێكی هەیە لەبێدەنگی**
**بەمەزەنەی منالی خۆم**
**ڕەونەقی بێوەفایی یەسنا دەگاتە بەردەم حەوشی پڕ لەتەنیای من**
**دێتەوە ناو ماڵی پڕ لەفەرامۆشی من**
**بەلام بەغیلی خەونی شاعیرەكان ,**
**ناگاتە لای تەپوتۆزی خەنەی جێپێكانی یەسنا**
**یەسنا ...لەژێر ئاسودەیی بەیانیانا**
**گوڵ ئەچنێ بۆ گەردنی**
**بەتەنیشت نەخۆشی كوشندەی منەوە تێدەپەڕێت و**
**سەمائەكا بۆ جوانی**
**كاتێ یەسنا هەڵدێت....**
**هیچ مەعنایەك نامێنێتەوە بۆ پاساری**
**كاتێ یەسنا تێدەپەڕێ....**
**هیچ ئومێدێك نامێنێتەوە بۆئەم بازاڕی دەهرە**
**كەسێك نیە بە پێكەنین بڵێت**
**بگەڕێرەوەبۆ ماڵی ئەو كوڕە تا تەنیایی نەیكوشتووە**

**کەسێك نیە بەیەسنا بلێت**

**بگەڕێوە بۆماڵی ئەو کوڕە بابەنەخۆشی شێت بوونی تۆوە**

**نەکەوێتە سەر شەقامە قەرەباڵخەکانی ژیان**

**کەسێك نیە بەتەنیایی بلێت**

**بگەڕێوە بۆماڵی داماوی ئەو کوڕە مشتێك بیرەوەری تاڵی بۆ جێبهێڵە**

**بابەنان وچا مەرگەوە بیخوات**

**گریانێك لەگیانمەوە دێتەدەر لەکزەی پایز ئەچێت**

**من لەدرەختێك ئەچم لەپایزا ڕوتوو قوت بوبێتەوە**

**ئەگەر ڕیشۆڵەیەك داوای چاوێکم لێبکات**

**ئەڵێم هائەوەهەموو  گیانم بۆتۆ**

**ئیتر تۆچیدەکەی بەدیار ڕۆحی سەرما بردەی منەوە دانیشتویت و**

**لاپەڕە دڕاوەکانی تەنیایم هەڵ ئەدەیتەوە**

**خۆ من دڵی هاوڕێیەکیشم ناشکێنم**

**ئەگەر داوای مەرگم بکات**

**لەگەرەکی ئەنفالا بەشوێن یەسنادا گەڕام**

**لەحەدیسی قیژەی منداڵێکا ئەیوت  :**

**دوای بیست ساڵ لەعومری تەنیایی من**

**سەیرکردنێکی یەسنا بەسەبۆئەوەی کەسێك بپرسێ**

**ماڵی خۆشەویستی لەکوێیە .**

**بەنێو وەرزەکانا بگەڕێتو بەژیان بلێت ....**

**............ئەرێ تۆماوی‌هاوڕێ گیان**

بەشوێن سۆراغی ئایندەدا بگەڕێت و لای ماڵی یەسنا بلێت....
زەحمەت نەبێت کەمێك لەئاوی پڕ لەچاوەڕوانی یەسنام بدەنێ
تا شەلاڵی تەنیایی نەیکوشتوم .
بچێتە کۆلانی خنکانی هەڵەبجەو مشتێ هەناسەم بۆ بێنێت
بەشی ئەم چاوەڕوانیەی عومرم بکات بەدیار یەسناوە
من تێناگەم لەقسەکردنی دوبارەی خەڵکی و بێدەنگی خودا

کەسێك حیکایەتی منو یەسنا ئەخوێنێتەوە...
... لەمەعنای دووری تێناگات .
کەسێك لەماڵی پڕلەبارانی من ئەڕوانێت....
... لەمەعنای تەڕبوون تێناگات .
کەسێك لەگریانی من ڕائەمێنێ لە شکانی گۆزە تێناگات.
یەسنا بەسەر وەرزەکانا دابەشم ئەکات و
ئەو گۆرانیانەی لەگەنجیەتیا ئەم چنین
هەمووی هێنایەوە بەلالێوی ژیانا

دڵم ئەوەندە تەنگە بەرگەی یەك ئێوارەی تری باران ناگرم
ژیانم ئەوەندە تاریکە بەرگەی یەك دڵۆپەی تری ئاو ناگرم
تازە ژیان لەئایندەی شکانی منا دەس ناکەوێت
یەسنا لەژێر بیرەوەری ئاوا بەشوێن قەوزەی بەجێماوی گیانی منا ئەگەرێت
لەژێر سوجدەبردنی مەغریبانی تەنیایی منا
بەشوێن قیبلەی نامۆبارەکی خۆشەویستیا ئەگەرێت .

بەتەنیشت گریانەوە تێدەپەڕیٚو

پێکەنینی بەعومری بەد فیساڵی  من دێت .

هەرگیز نایەتەوە ناو ژیانی بەڕەلاٚی منەوە یەسنا

دووری.... حەنانەتی باخە کەبە پایز ئەڵی

ئازیز گیان وەرە ئەم گەلاٚیانە لەخۆت بپێچە

با عەورەتت دەرنەکەویٚ.

گەرمای بەفرە بەڕێواس ئەڵێت

برادەر گیان لێرەوە تەماشای ئاسمان کە

باسەرت نەدات لەبەردی هەتاو .

ڕاکشانی مانگە لە بەردەم پەنجەرەی تاریکی بەیانی .

ئاوڕ دانەوەی _ئاو_ە لەوسەری مەغریبانی ژیانەوە بۆ بەردێکی فزوول

.........                ...............                .........

تکایە گەر هاتی ...

....... بەقانونی گەلاٚ وەرە

وەسوەسەی ئەم وەرزانە  لەبیر ڕاڕای ڕووت بونەوەی باخ ببەرەوە

تابەبارتەقای ئەم پەشیمانیە قوژبنی تاریکایی دڵی من ڕوناك بێتەوە

لەدەروازەی یەکێك لەو گوناهانەوەوەرە

منی خستە سەر بەختەوەری مردن و

تۆی خستە ناو خۆشبەختی وەفاوە

**تکایە گەر هاتی**

**هێندەی سەرە دەرزیەك لە عومری ڕابردوم بۆ بهێنە**

**بەقەت تامی بەرسیلەیەك بۆنی بەخوردی دیدەنی خۆتم بۆ بنێرە**

**هێندەی نازکی پەپولەیەك باڵە کانی ژیانم بۆپڕکە لەفەرامۆشی**

**تا ترسی پاساریەك لەجێپێکانی منداڵێ بمرژێنێت بەسەر ئەم گریانەدا**

**گۆشەی حوجرەکانی عەقڵی من ئەیانووت کاتێ یەسنا دێت**

**ئەم جەجاڵی فەرامۆشیە لەهەڕەتی هەرزەکاریدایە**

**خەیاڵی سەرمابردەی من ئەیوت وەختێ یەسنا هەڵدێت**

**مانگ توشی دەردی ژێر پەنجەی ڕوناکی‌بوە**

**زمانی شڵە ژاوی ئەنفال ئەیوت**

**لەشوێنێکەوە یەسنا دێت عارەقی نێو چاوانی کوڕەوەکە ئیحراج بوە بەدەست بۆنی نەرمای پەنجەکانی ژیانەوە .**

**خودایەکیش لەنزیك ئەوباخە ئەیوت هەرگیز یەسنانایەت**

**ئەگەربێتیش ( نەبەز دەمێکە بەدەم چاوەڕوانی مەرگەوەوەستاوەو**

**بەهیچ لایەکدا ناڕوات تا تەنیایی بیکوژێت )**

**من ئەزانم هەرگیس یەسنانایەت**

**بەلأم تاکۆتایی کۆترچاوەڕوانی باران ئەکەم لەپەنجەرەکەم بدات .**

**دەك ماڵت ئاوابێت یەسنا ....کەوا ماڵت ئاواکردم**

**ئەی حەزرەتی تەنیایی کوشندەی بێداد**

**ئەی فەرامۆشی سەرگەردانی گیانی‌من**

**ئەی غەریبی دڵ ئێشانی عومرم**

**یەسنا ......کەی دێت بەناو گریانی منا تێبپەڕێت**

**یەسنا........**

**کەی دێت نوێژیٚ بۆئاوابوونی بێدەنگی من بکات لەسەر کێلی ژیان .**

**ئەوکاتەی دەروازەی دولای ئایندەی من داخراوە یا**

**حوزنی ئێوارەیەکی زاهید سەری لە خەیاڵی گلەییەك تێك داوە بەدیار ڕابردوەوە.**

**تکایە گەرمردم ڕووی ژیان بکەنە قیبلەی ماڵی یەسنا**

**تا _ ئاو _ لەڕۆیشتنی خۆی نەوەستیٚ**

**تاباران سەرفیترانەی خۆی نەسێنێت لەدڵی تەڕی بەهار**

**هەرچەندە بێتاقەتی تەمەنی بەد فەساڵم لەجاران گەنجترەو**

**تابێت ڕیشی مەلولیم ڕەشتر ئەبێتەوە**

**بەڵام لەبەردەم عەقڵی زەعیفی هێشوێك ترێدا**

**چی بڵێیت بەقومیٚ شەراب لەتەریقیا سوورهەڵ گەڕاوە**

**لەپشت تکایەکی پیرانەی سنەوبەرا زەمی وەرزەکانت پێناکرێت**

**کاتیٚ ئەو بای باڵی خۆی داوە لەتەمەن .**

................                .................                ................

**یەسنا گیان .......**

دایکم سەری دێشێت, ئەگەر پێت ئەکرێ یەك دڵۆپ ئاوازیخەنەیخۆشەویستیم

بدەرێ تابیخەمە سەرئەو برینانەی دڵم .

باوکم توشی پەرکەمی دووری بوە

ئەگەر هەتانە مشتێ پێکەنینم بدەرێ بابیخەمە بان

ئەم کەفی تەنیایەی سەر دڵم.

خوشکەکانم لەوشکایی کانی دڵی منا گۆزەیان شکاند ,

ئەگەر عەزیەت نەبێت لەئاوی کەوسەری خۆت قومێکم بەرێ تا گەرمایی

خۆشەویستی تۆ نەیکوشتوم .

تۆ کەی تەشریف دێنیتەوە بۆ میرنشینی دڵ و

کەی حەوزی شعورم پڕدەکەیتەوە لەماسیگریان.

زەمەنێکە یەسنا ئەیوت من تۆم بۆچیە کە بەرگەی ماچێك ناگری

بەدیار _ با _وە دائەنیشیت تا سترێجی باخ هەڵبداتەوە

من تۆم بۆچیە ناتوانی دڵی یەك دڵۆپە ئاو بدەیتەوە

من تۆم بۆچیە کەناتوانی هەتوانی ڕیشۆڵەیەك بدەیتەوە

لە هەیوانێکی گەرمی پێکەنینی عومری منا

کەپێت ناکرێ ئاوەڕشێنی کۆلانێکی خۆشبەختی بکەیت

لەگەڕەکی غروری منا

بەدیار سنەو بەرێکی بێ ئاوەزەوە دا نیشتویتو

شعوریپایزت بریندار کردوە

یەسنا گیان ......تکایەگەرهاتی

... بەدەستوری پەلکە گیایەك وەرە .

بەرماڵێك لە ئایەتی شیعرەکانی حەزرەتی _ مەحوی _م پێیە بیخوێنەوە ئەچیتە بەهەشت .

بەلای باخچە سەرگەردانەکەی کەمتەر خەمی _ ئاو _ دا تێپەڕە

هەرگیز پیرنابیت .

لەنزیك ماڵە بێماڵەکەی ئایندەی هەتاوا هەتوانێك بدە

با ڕوناکی سەرت نەخوات

بامەست بون نەتکوژێ بەدیار نامە پڕ لەبەخیلیەکانی غەریبیەوە .

............. .................. ................

وەرە یەسنا.......

کتێبێکم هەیە هەموو بەیتەکانی گریانی هاوڕێکانمە

پڕە لەقسە شیرینەکانی ئێوارانی مەست بون و

جنێوە جوانەکانی دوای _ باران .

پڕە لەتوڕە بوونەکانی سەردەمی کۆڵانی شەڕەبەردو

حیکایەتە پیرەکانی ناو کتێب

ئاخر ئەترسم کاتێك بێیت من مردبم

ئاخر ئەگەر تۆ بێیت شاعیرەکان هەموویان قاریان لێدێت .کەتۆ دێیت .

شاهانەوەرە چەشنی کزەیەك نەرم نەرم وەربۆناو باخی سینەم .

کزەی دڵم یەسنا........

..... گەر هاتی بەسەر قەبرەکەماوەرە.

من هارو هاجی منداڵی نەیتوانی فێری شکانی پەنجەرەم بکات

چەتوونی کۆڵانە هەرزەکارەکانی شار بۆیان نەکرا

**دروٚیەك بخەنە ناو تەمەنی بەڕەڵلأییمەوە**

**لەژێر چاودێری بەڕێز گوڵە پانتوٚنیایەك**

**لارو لەنجەی ئەم حەوشەیە ئەگوٚڕمەوە بەمەرحەبایەکی تەڕ**

**سیقەم پێبکە ئەوەی ئەیڵێم لەدڵمەوە یە**

**توٚ قەت ڕێحانت بینیوە لەبەردەم پەنجەیەکا خوٚی بائەدا بوٚئەوەی تاعلیقیکی لێبدا**

**هەرگیس تەماشای _ ئاوت _ کردوە چەن قەرەجیە ,**

**بوٚئەوەی پو شقەبەقنگەی دراوسێیان قەڵس کاو حەوشەکەیان جێ بهێڵێ**

**تا بەتەنیا لەگەڵ قەوزەیەکا بخەوێ .**

**لەتەنیشت دڵنیایی عومری دار سنەوبەرێك**

**ئەم وەرزانەی داهاتوم ئاو دیوی سنوری یەك ئێوارەی پڕ لەگریانی توٚئەکەم**

**خواکوێرم کات ئەگەر دروٚبکەم .....**

**بەقەت شینایی ئاسمان خوٚشم ئەوێیت یەسنا**

**سەرت سوڕ نەمێنێت لە سێبەری درێژی تەنیایی من بەدیار ئەم باخی خاموٚشیەوە**

**باوەڕم پێبکە....**

**بەقەت سەرەدەرزیەك دوری توٚ وام لێدەکات**

**بەتەنیایی بڵێم بڕوٚ بەلأم زوٚرت پێنەچێت بگەرێیتەوەچونکەماڵەکەم بێتاقەتە .**

............... .................. .............

**هەرچەندە ئەزانم پرچی یەسنا بەقەت تەنیایی من درێژەو**

**هێندەی ئایندەی عەشق تاریکە .**

**بەلأم چی بکەم بەدەس خوٚم نیە خوٚشم ئەوێت .**

هیوادارم ئێوه یەسنا بدۆزنەوەو گلەیی ئەوەی لێبکەن
بۆ ئەوەندە خۆی مەژغولْ کردوه بەهەڵە گەری ژیانەوه .
بەدیار نازکی پەنجەکانیەوه ئایەتێك شك نابەم تەڵقینی حەپەسانی جوانی پێبدەم.
گەر من ڕۆیشتمو نەم بینی پێی بڵێن ئەو زاهیدە هەواڵی ئەپرسیت.
بزانن لای ئەو مەنیْ  خۆشەویستی بای چەن فلسی مەرگی منە
حاڵیمکەن بزانم خوا بۆئەوەندە ئیشی جوان ئەکا
کەستان بینیوه وەك یەسنا چاوی ڕەش بێت

کەستان بینیوه وەك یەسنا دڵی ڕەق بێت و
گاڵتەی بەعەقڵی نوقسانی من بێت
ئاخر ئێوه نازانن یەسنا چەن قەڵس ئەبێت کاتیْ من
لای گلەی فرمێسکێك باسی دەکەم
ئەڵێت حەزم لەقسەکانت نیە بۆنی تەڕایی بارانیان لێدێت

نامەوێت بێمە ماڵە کەتەوه  شێی تەڕای _ ئاو _ دڵم خاو ئەکاتەوه
بادەموچاوت نەبینم زەرد هەڵگەڕاوه
ئەڵێیت پایزی حەیای پیاو ئەبەیت
بەڵام یەسنا نازانێت لەناو تەنیایی کتێبەکانی ئەودا گەنجیم بە_ با _ چوو
قەسەم بەخوا....
گەر لەبەر ئەو نەبوایە تابەردەرگای مافی مرۆڤ ئەچوم

**کەمێك نەگبەتی  بۆناو ئاگری قسە بێ مەعناکانی ناو پارکی ئایندەی‌نیشتمان بهێنمەوە.**

**تابرجی حاج ئەچوم سەری ئەو قەلەقیەی  تیابسوم بەشکوم ئەمە خوایە ئەم تەنیایە کەمێك درزی تێکەوێت.**

**هەرچەندە سەرو سەکوتی من لەگەڵ ئەم جوانیەی یەسنادا غەدرە**

**وەلێ بەشی ئەوە ناشیرینی شك ئەبەم ,**

**چارەنوسی ئەویش بڕژێنمە سەر تەپو تۆزی ئەو دەردە .**

.............. ............ ..............

**تکایە گەر ئەم جارە هاتی ...**

**مەغریبانێکی درەنگ وەرە .... بادەستی غەریبیت ماچ کەم یەسنا**

**چواردەساڵە مانگ لەهەیوانەکەی ئەنفالا سەر دەر ناهێنێت   کەس ناوێری‌بڵێت**

**ئەرێ برادەرگیان بۆ مەرحەبایەکی  ماڵی ئێمەش ناکەی**

**چواردەساڵە چی ئەستێرە هەیە بەتەسکیەی بیرەوەری شاخ**

**بونەپاسەوانی موحجیزەکانی تاریکی**

**کەس  ناپرسێتەوە  لە _ با _ بۆسەرێك لەباخ  نادا هاکاسەری نایەوە**

**چواردەساڵەهەر ئەڵێن**

**ڕادیۆکەی یاران ووتی هەورێك دێت هەمووومان تەڕئەکات**

**کەچی هەر دەڵێی بیابانە نیشتیمان**

**بەناو تەپو تۆزی ئەم میلەتاناوەرە... یەسنا**

**لە حەفتاکانی گەنجیەتیمانا  شەوانی دەیجوری‌ماچت لەبیرە  قەتماغەی بەستبو بەسەر خەوی ماندو بونی شەو   بەڕێکردنەوە.**

**کەدەنگی‌بەئاگا هاتنەوەی هیچ  کوندەپەپویەکمان شك نەئەبرد لە تەنیشت پڕخەی ڕاکشاوی دیوەخانەوە.**

**ئەو کاتانەی لۆچی دەموچاوم بەسەر تەوێڵی ئایندەی تۆوە لەسەر شان ڕاکشابوو .**

**من ئاوا ئەگریم بۆتۆ یەسنا , من ئاوا پیر ئەبم بۆتۆ یەسنا .**

**کەی بەرگەی دووری تۆئەگرم**

**نام بینی ڕۆژەکانی هەفتەش بێزاربون لە تەنیایی من**

**بۆخۆت نازانی دەجار بە_ ئیزرائیلم _ وتوە دا بێڕەحم ئێوارەیەکیش میوانی من بە یەسنا لای دەسخەرۆی‌شکستی منەوە  دانیشتوەو**

**ڕۆژەکانی ژیانی وەتەن ئەژمێرێت**

**لەژێر زەبرو زەنگی ئەو دار مێوە قەیرانەوە شانی داداوەو**

**دەستی ژیانی منی بڕیوە**

**حەکیمانە ئەمکوژێ یەسنا , شێتانە مەرگم تێ ئەگرێ  یەسنا**

**شاعیرەکان کەچاویان بەلارو لەنجەی یەسناکەوت خویان شەڕبو**

**دەسیان دایە بەرەڵایی خەم خواردنەوە**

**منیش بەدیار مرواری گومبوی عومری خۆمەوە  چۆکم داداوە**

**بەتەمای هەڵدانی زاری هاتنەوەی  بوم**

لەبەر ئەوەی دەستم نەگەیشتە پرچە درێژەکەی ,ناچار سەری خۆم هەڵگرت بۆلای
دوو ڕکات نوێژ تالەودنیا لەبەردەم کورسی خودادا دادی گریانی خۆم بکەم
هیچ شتێك دادی من نادات هاتنی تۆنەبێت یەسنا

هەرچەندە خەریکی کۆکردنەوەی ماڵە چۆڵەکەمم ... وەلێ دوای تۆ _ ئاو _ سەبوری
ژیانی وشکم نادا
زەلیل بوم بەدەس دووریتەوە ..... موحتاجم بەیەك سەیر کردنت
هاکا توڕەبومو چومەوە ناو گۆشەی عیرفانو
دەرگا لەژیانیش نەکەمەوە ئەگەر سەد جاریش بەمیوانی بێتەلام .
هاکا هەموو حەکیمەکانو مەی خۆرەکانو شێتەکان لەبەردەم
نازی یەسنادا وردو خاش بوین.
لە یەکەمین وەرزی ئەنفال کردنی جوانیمدا یەسنام بینی
لەبەردەم پێکەنینا دەستی ئەهێنا بەقژیا .
لە دوو هەمین سەدەی ڕاو کردنی خۆشبەختیما
یەسنام بینی
دەستی کوڕە گزگلەکەی سیاسەتی گرتبو بۆ تەماشای پارکی غرور ئەچون .
لە سێهەمین حەشری تەنیایمدا
یەسنا دەستێکی بۆ بەرز کردمەوەو ووتی :
تۆ بەکەڵکی عادەتی ژیانی من نایەیت.

منیش نەرم نەرم لەگەڵ هەتاوا بەسەر زەردەپەڕی تەمەنی خۆما تێپەریم .
هەر چەندە یەسنا قاری لێدەهات خەڵك بزانێ گیرۆدەی بوم

وەلێ من تازە بەم ڕۆحە سەرما بردەی پیریمەوە چی ماوە لەدەستی بدەم .

تکایە خۆشم ئەوێیت یەسنا . ئەوەیەکۆدیتای من

ستەمی دەسەلاتی جوانی یەسنا ئەوەندە سەرسامی کردوم

شانازی بە بچوکی خۆمەوە ئەکەم

دڕندەی زەبری قسەکانی ئەوەندە دڵی ئێشاندوم

فەخر بە بێکەسی خۆمەوە ئەکەم

من لەشەڕە جوانەکانی یەسنادا ئەوەندە خراپ دۆڕام

ڕوم نیە باسی ژیان بکەم

کەچی لەسوچێکی بێمنەتی ئەودا موعتاد بوم بە تەنیایەوە

ڕجات لێ ئەکەم یەسنا یەخەی ئەم دووریەم بەردە

ئەگەر ئەمجارە هاتی .......

بە دەستوری مەلەکیەتی زەنبەق وەرە

یەسنا لەژێر بەفرا سەیری ڕەشایی بێتاقەتی من ئەکا

بەلای باخی چەن سالەی شێتیما تێ ئەپەڕێو

دڵی نایە بۆڵە ترێك لەلقی ژیانی من بکاتەوە

غەشیمانە خۆشم ئەوێت یەسنا , هەرزەکارانە بۆی ئەڕوانم یەسنا

لەسەر بەرماڵی ئەو دەشتی گەرمیانە ,

لەهەشتاکانی گەنجیەتیما سوجدەم ئەبرد بۆ خودا تا دڵی ڕەشی ئەنفال کراوی

یەسنا بگرێتەوەو پێی بڵێم :

**ناشیرین خۆمنت کوشت بۆئەوەندە دواکەوتی .**

**خودایا سەردەمی ئەو منداڵیەم بۆ بگەڕێنەوە**

**ژیان بەلارو لەنجەی یەسنا دەموچاوی بەیانی ئەشت .**

**پیری بەگڕوگاڵی یەسناوە تەریق بونەوەی لۆچەکانی سەر تەوێڵی دنیای ئەشاردەوە**

**وەرە بۆبەر دەرگای ماڵم یەسنا**

**وەرە بۆناو حەوشی پڕ لەچۆلەکەم یەسنا**

**کەڵکەڵەی خۆشەویستی تۆ بەجۆرێ داویەتی لەسەرم هەموو ئێوارەیەك**

**لەتەك ئاوەڕشێنی کۆلاًنا ئەڕژێمە بەردەم چمکی کراسی مەلیکە یەسناوە**

............... ............. ..........

**یەسنا گیان........**

**شارەکەمان ئەوەندە جامانەی هەڵگرت سەری ئاوساوە ,**

**گەر شك ئەبەیت قچێك ناوکی خۆت دەرخە تا حەیای جوانی بچێت .**

**گەڕەکەکەمان یەکپارچە زەمی جوانی تۆئەکا**

**مانگ ئەیوت لەبەر پەنجەرەی یەسنا نەبوایە**

**بەحەیاتم بەو ڕێگەیەی سەر زەمینا تێ نەئەپەڕیم**

**دەتۆش کەمێ دەرکەوە , بائەم تەنیایە لەسوچی ماڵەکەما کۆکەمەوە**

**بەخوا پەنجەیەکی تۆ ناگۆڕمەوە بەهەزار لاپەڕەی تەمەنم**

**یەسنا بە ئێوارەیەکی زەردە پەڕا خەبەری بۆناردبوم**

**(( هەمووشتێ قابیلی گۆڕانە ,**

**بالەبری هەینی گریان بێت, خۆ چیە دنیا ناڕوخێ ))**

www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23:23:43 2006-12-4

**ئەمە دواین ئایەتی سەرگەردانی من بو بۆم هات.**

**دوای ئەوە فتوای کوشتنی زمانم دا**

**دوای ئەوە بڕیارم دا بەتەنیایی بڵێم**

**(( توخوا دەموو چاوی ژیان بگرە بانەیبینم حەزم لەچارەی نەماوە ))**

**دوای وەستانی وەحی لەیەسناوەبۆم**

**نامەویٚ تەنانەت عەزیەتی حەنانەتی گەلاٌیەکیش بدەم .**

**ئەگەر دەست ببەم بۆ کوشتنی بۆڵە ترێك , حەزناکەم زمانم ڕاچڵە کێت.**

**ئەگەر پێیەك بخەمە ناو باوەشی گۆمێك _ئاو _ەوە هەست ئەکەم ژیان ئەوەستیٚ .**

**کتێب فرۆشێکی عارف پێی وابو**

**حەکیمەکان کە تەڕای زمانی یەسنایان خوێندەوە, دەسیان لەمەنتیق هەڵگرت و**

**کەوتنە شوێن سەر گەردانی جوانیەوە .**

............ ................ ...............

**حەنانەتی پرچەکانی یەسنا..**

**سەری لەجەبری عەرافەکانیش تێك داوە نازانن کەی مانگ زەلیل ئەبێت و**

**کەی کۆتایی فڕینی چۆلەکەیە**

**باران ئەوەندە چاوەڕوانی یەسنای کرد تادەرکەوێت و**

**نەرمی خۆیبنوێنیٚ خووی بەهاریشی شەڕکردو**

**ئێستە هەر خەریکی جگەرە کێشانە بەدیار وشکای دڵی**

**ئەو کوڕەوە کەبۆ یەسنا پیربو**

**تکایە گەر ئەمجارە هاتی ...**

**لەسەر ئاوازی دلٚ شکان مەیە**

شوعلەی قسەیەك بگرە بەدەستەوە قوژبنێكی كەنیسەی دڵم ڕوناك كاتەوە
من گریانەكانی ئاو دامانی ئەم وەرزانەم شۆڕدەكەمەوە سەر كەزیەكانی
یەك سەیر كردنی تۆ

من بەقەدەر هەموو وەرزەكان خۆشم ئەوێیت
هێندەی هەموو سەدەكان بیرت ئەكەم
ئەوەندە حەزم لێتە , پێم خۆشە بەداڵغەی تۆوە بمرم
ئەوەندە هەست بەدووریت ئەكەم
عەقڵی خەڵە فاوی تەنیای سەیری لێدێت
كە پەشیمان نیم لە گەرەكی وەس واسەی بێدەنگی .
یەسنا....... هێندەی سێبەری باخ فێنكەو
بەقەت لوغزی ئاسمان چاوی گەورەیە .
پرچی بارتەقای عومری مێژوو درێژەو
بەتەنیایی من نەبێت نایان بەستێ .
پەنجەكانی ئەوەندە نەرمن كتومت لەباران ئەچن!!
ڕۆیشتنی ئەوەندە ناسكە جوانی ڕێگەی بۆ پاك ئەكاتەوەو
كە تێئەپەڕێت لەگەڵ خۆیا ئەو دنیات پێپیشان ئەدات!!
هەر دەڵێی گوڵە یەسنا , هەردەڵێی پەریە یەسنا
لای كەناریەوە وەستاوەو بەرد ئەخاتە ناو شەپۆلی بێدەنگی منەوە
لەژێر بارانا ڕێدەكاتو ئازاری ئایندەی من ئەدا
كاتێك تەشریف دێنێت بۆناو گیانی تەنیایی من
شاعیرەكان بەفیزەوە سەریان دائەنەوێنو
مەست بونیش بە شڵەژاویەوە ئەڵێت

درەنگ هاتی یەسنا ...........درەنگ هاتی
ئەوەی تۆ هەواڵیت نەپرسی لە قەراخ کەساسیەوە بەزەلیلی تۆوە مرد
لەشەوێکی دەیجوری تۆدا گریانی جوانی تۆکوشتی
گەر قسەیەکت هەیە بۆی بیخەرەناو نامەی هاوڕێکانیەوە
با لەغەریبیا تارمایی بیرەوەری سەختی نیشتیمان کوێریان نەکات
لەگەڵ تێپەڕینی هەر ڕۆژێکی هەفتەیا بێکەسیەك لەناخما سەوز ئەبێت
لەتەك هاتنی هەر ئێوارەیەکی مەغریبانی گریانما ,
ئەوەندە بێدەنگی ئەگرم بەشی حەزرەتی‌نوحی قەرەباڵغی کۆلانێك ئەکا کەتەنها
ماڵی پەڕەسێلکەی لێیە

یەسنا گیان .......
تۆقەت لەسیس بونی گوڵێك ڕاماوی کەچ عەزیەتێکی سەخت ئەگەیەنێتە
برینی بەسوێی باخ
قەت بوە تەماشای تەڕبونی باڵندەیەك بکەی
چ ئازارێك ئەخاتە ناو عادەتی فڕینەوە
یان لەوەرزێکا ئەژی هێشتا نەهاتوەتە ناو ساڵەکانەوە
لەکیشوەرێکا دانیشتوی دراوسێی ماڵی دادە بەهەشتە
یەسنا ...... ئەوەندە شکاندومیەتەوە گەر درەختێك بومایە
ئێستە لق و پۆپم پێوە نەمابوو
بەس من فەخر بەشکاندنەوەی لقێکی‌رەقی ژیانمەوەئەکەم
گەر بەپەنجەیەکی نەرمی یەسنا بێت
هەمیشە لەنێوان من‌و ئەودا وەهمێك هەیە
ئەو وەهمە منی کوشتوە

**بەلاّم یەسنا هەرچیەك بێت , گەر مەرگیش بێت خۆشم ئەوێت**
**كەس نەڵێت ئەو دڵە خاڵیە لەئیحساس ,**
**ئەو ژیانە بەتالّ بوەتەوە لەگریان**
**ئەم نیشتیمانە سەرقالّ بوە بە گۆرانیەوە**
**كەسێك هەیە لەلای شنەشنی پەڵەیەك گەنم بیانوو بدۆزێتەوە**
**بۆ غەزەلێكی پایز**

.............. .............. ..............

**بۆ ئەوەی زستان هەست بە ئیحراجی نەكات بەیتێكی**
**یەسنای بۆ بخوێنێتەوە دڵی بەفرلە گەرما نەرم بێت**
**تا عەرەقی بن باخەڵی هاوین نەترشاوە**
**هەناسەیەكی ساردی دڵی من هەڵمژێ**
**تاخوی نەگرتوە بە هەرزەكاری بەهارەوە**
**سەیرێكی حوجرە تەنیاكەی من بكات**
**یەسنا بەئەندازەی قوڵی ئاو برینی خستوەتە بان ژیانم**
**بەقەت سادەی باخ ڕەوتی بیر كردنەوەی كەونی تێك داوە**
**حەزەكەم ئێوارەیەك پێكەوە دانیشین و**
**قاژێك خەیاری ئاسودەیی پاك كەین**
**دەمەو عەسرانێك لەژێر هەتاوا ڕاكشێین و**
**هەندەسەی ڕەفزەكانی ئەو حەلكەین**

**یەسنا گیان ...........**

**دایكم لەسەرە مەرگایە ,ئێژیٚ بائەو تەبیبی دڵە سەرێكت لیٚبدات**

**خوا شیفای جوانیەكەی ئەداتەوە**

**ئەم چڵو چێوی گۆشە گیریەم كۆكەرەوە**

**هاكا باوكم لەوسەری كۆڵاٚن دەركەوت دڵی پیسە**

**قبولٚ ناكات بە شڵەژاوی بم بینێت**

**ئێواران بەمەستی یەسناوە ئەچمەوە بۆمالٚ**

**هەیبەتی نازكی ئاراستەی سەیركرنم ئەگۆڕێتە سەر هەیوانی پڕلەزەنبەقیان**

**هێشتا گریان بەری نەداوم ,**

**نائومێدی یەخەم پێدەگرێتو ئەڵیٚ:**

**(( پیرۆزت بێت ئەم كراسی تەنیاییە ,**

**وەڵیٚ كەمیٚ درێژە بەشی پیریشت ئەكا ))**

**بەمەزەنەی بەیتەكانی دووری**

**دیارە وادەی مەرگمەن .**

**تەنیای هێندە بەكزی دانیشت هیچ دلٚ تەڕیەكی شەرابیش دادی نەدا**

**دەخودایا یا یەسنام پیشاندە یا بم كوژە**

**مخابن ئەم هەموو چەفایە ئەكێشم بەدیار ئاوازی دڵەوە**

**كەچی یەسنا هەرگیز بەلای لقێكی ژیانی منا گوزەر ناكا**

**من دوای ڕۆیشتنی یار ... بتێكی شكاوی ئیمارەتی سەدەكانی حەبەشەم**

**چمكێكی عاباڕەشەكەی تەمەنم لەناو_ ئاو _دا یەو**

**چمكە كەی تری غەرق بوە لە تەپوتۆزی غەریبی**

**هەرچەندە بەیعەتم بەجوانیﻰیەسنادا**

**كەچی سی جزئەی ژیانم شەلاٚڵە لە ڕەفزەكانی یەسنا**

**عەهدو وەفا لەكوێیە كە یار ڕۆی**

**یەسنا گیان** .........

...........**ئەگەر ئەمجارە هاتی**

**کەمێك بیٚ ڕەحمی بێنە بۆ باخی سینەم**

**تا وەجاخی وەرزەکانی پیٚ ڕۆشن کەمەوە**

**دەی دڵی من** ....

**بەزەیت بەپریشی سپی تەنیایما بێتەوە**

**بم بەخشە کە سەرگەردانت کردم**

**ئەت بەخشم** ..... **کە فەرامۆشت کردم**

# کچێك لەقوڵای دەریاکانامرواری ئەچنێ

**لەسەر ڕوخساری ئاوابوونی حەقیقەتی زوڵمەتم**

**یەناخون نیگای یارم کێشا**

**لەبەر مەحرومی بەردەستی _یار _ مەحرومم ,**

**هەڵبەتە دەردی بیمارم کێشا .**

**چاوم دەرهاتوو گۆشەی ئەو حوجرەی موحیبەتەم نەدی ,**

**ئەمێستا لەم  بتخانەیە ڕەنجی بەخەسارم کێشا .**

**کزەی دڵم کچەکە ,**

**من کلیلی ڕوناکیت دەدەمێبۆ ژیان ,**

**تۆش دەرگاکانی دڵتەنگیم بەسەرا داخە .**

**کزەی دڵم کچەکە ,**

**هەرکاتێ بێتاقەتی هەڵیکرد بانگم کە .**

**ئەی تاکە ئازیزم کچەکە ,**

**هەرکاتێ گریان هەڵیکرد بانگم کە .**

**من زامدارترین ژەنەڕاڵی ئەم هەسارەیەم ,**

**تاڕۆژی ئاخیرەت بەغرووروەوە سەیری برینەکانی گیانم ئەکەم .**

**هەتا کۆتایی گۆرانی  , ئاوازێك ئەژەنم لەبرین .**

**من کورێکی خەمگینم ....**

**کاتێك ئەمرم شاعیرەکان هەموو دوژمنن !!!**

**تۆ یاری من ...**

**ئەگەر نائومێدی لەتەمەنما تێپەڕی بانگم کە .**

**بانگم کە ...........**

**هێندەی بانگ کردنی شەقەی باڵی ڕیشۆڵەیەك**

**بۆ لقێکی وشکی مەغریبانی عومرم .**

**بارتەقای فڕینی پاسارییەك**

**بەناو فەزای ڕونی ئاسمانا .**

**تۆشاهیدبە برادەر ...**

**کچێك لەقولآیی دەریاکانا سەما ئەکا .**

**لەوەسوەسەی سەرگەردانی منا,هەتوانێك شك نابات بۆنازی خۆی!!!**

**لەپەنجەرەی داخراوی منا**

**فنجانێك شك نابات بەڕوی ڕوناکیا بشنێتەوە .**

**بانگم کە ئەی دەنگ ....**

**کچێك لەحەوشی پڕلەڕەنگا**

**لەتەنیشت نازی دارمێوێکەوە , سەیری ئەستێرەکانی من ئەکا.**

**کچێك لەعەرشی خودا وەستاوەو**

**عیشوە ئەکا بەسەر گەنجیما .**

**لەنزیك منەوە دانیشتوە.......**

**لەنزیك بێدەنگیەوە,**

**لەنزیك ئاوابوونو سەرسام بوونی فەزای تەنیایی .**

**لەتەنیشت ماڵی مردنەوە ژیان ئەچنێ بۆمن .**

**من لەتاریکیا دڵم پڕئەبێت لەگریان .**

**گشت ئێوارەیەك وەختێك هەتاو ئاوائەبێت ,**

**خەمی ئاوابونی ژیانمە .**

**تۆ سەیركە ئەی یاری خودا...**
**ئەوكاتەی كۆتایی شەوە , ڕەنگە كۆتایی منو تۆبیٚ!!!**
**ژیان هەڵكردنی كزەیەكە لەمەغریبانێكی درەنگا .**
**بەربونەوەی تنۆكیٚ بارانە بۆناو گۆماوێكی قولٚ!!!**
**عیشقیش ........ تەنها عیشق ..**
**دڵتەنگە وەك من,غەمبارە وەك عومرم ,**
**سادەیە وەك وەك تۆ, ڕۆشنە وەك تۆ .**
**كچێك لەقوڵایی دەریاكانا بانگم دەكا**
**لای تەنیایی سێبەری خوداوە دانیشتوەو**
**خاچێكی هەڵداوە بێخەمی منی پیا هەڵواسیٚ**

**منیش تەنیا ... دوور لەیار ..**
**بەنێو نیگاكانی میهردا تێپەڕیمو بیرم لەیاد چوو .**
**بەمنداڵی چەمامەوە بۆگڕو گاڵەكانی ئەوینو**
**مردنم لەیاد چوو.**
**بەگەنجیەتی ئاسودەیم بەقاچاخ ئەبرد بۆبەردەرگای ئەوینو**
**ژیانم لەیاد چوو .**
**زیندەگیم لەژێرسێبەرەكانیشارا سەری لەویقاری شەقامەكانیش تێك داوە .**
**ئەڵێن وەختی مردنیەتی .**

تەنیایم دەچێت كەمێك بێدەنگی لەگەڵ خۆی بهێنێت,
تا دێتوە ماڵ پڕبوە لەفەزای كوشتن .

گریانێك لەناخمایە نەریتی ژیانی تێك داوە .

ئای خودایا ....
ئەڤین بوون بەكەسێكەوە دەردێكی چەن سەختە .
ئای خودایا ....
تەماشاكردنی ژیان لەپەنجەرەی دڵەوە چەند دەردە .
دل ئێشان چەن سەختە , تەمەنیش سەراپای چەن ئازارێكی تولانیە .
بەیانی دەنگی مۆسیقایە لەگەروی ئاوابونا
نازانم ڕۆژ لەچ ڕوناكیەكدا كۆتایی دێ و
شەو بەچ تاریكیەك دەس پێدەكا .
هێندە هەیە قەلەقی ئەمخاتە سەر كەڵكەڵەی تەنیایی و
بێدەنگی دەرگاكانی ئێوارەم لێدادەخا .
كچێكیش لەو خوارەوە ........
لەنزیك لارو لەنجەی پەڵەیەك ڕێحان , لەتەنیش تۆپەڵێ چیمەنەوە .
گاڵتەی بەخەیاڵی ڕەقو تەقی من دێ !!!
تۆزی تاریكیم بەسەرا ئەتەكێنێ و
پرشنگی دڵتەنگی ئەبەخشێتە قوڵی ژیانم .
پێم خۆش نیە دادم ببەمە لای ئەفسانەیەكی ڕەنگ وەنەوشەی _یار_.
لەبەردەم قولەی ئاڵو واڵای پەنجەیەكیا ,
باس لەشكانی نەرمای ژیان بكەم .

www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23:23:43 2006-12-4

# ژیان کتێبێکە حەزم لەخوێندنەوەی نیە

وەلێ بیماری من لەسەدە کۆنەکانەوە دەس پێدەکاو
لەبەردەم ماڵی یاردا کۆتایی دێ .
هەندێ جار ئاراستەی سەیرکردنم ئەگۆڕێتە سەر پڕانی هەناریك
لەوەرزێکی ناوەختا .

هەندێ جاریش هێندە دڵتەنگم حەزئەکەم هەموو لاپەڕە کۆنەکانی عومرم
هەڵدەمەوەو بەشی ئێوارەیەك پێکەنین بگرم .
ئەفسوس کەیار لێرە نەبێ ..
ژیان سەری خۆی هەڵدەگرێو توشی کوشتن ئەبێ.
پێکەنین خەیاڵی ئەڕواو گریان فەزا کۆئەکاتەوە.

............ ............ .................

تۆ ئەی یار ...
ئەی ڕەوشەنی مەخمەڵی ژیانی من .
ئەی نزیك بەتینویەتی ئارەزوی من .
نازکی فرمێسکێك بەسە بۆئەوەی لەحیکمەتی برینێك تێبگەی.
فڕینی باڵێك بەدەوری شوعلەی چرایەکدا
بەسە بۆئەوەی لەنەریتی شکانی دڵ تێبگەی .
کەوتنە خوارەوەی دڵۆپە ئاوێك لەسەر شانیپەلکە گیایەك
بەسە بۆئەوەی ئازاری بێدەنگی وەرزێك بچێژین .

ئەوانەی لەدەرەوەی ئەوین ژیان ئەبینن
لەکۆلأنەکانی مردنەوە هاتوون .

کەس نیە بەشوعلەی چرایەك ڕێگا تاریکەکانی مردن بدۆزێتەوە .
کەس نیە لەم تەنیایەدا دادی دڵ بدا , ئەگەر یار نەبیٚ .
ژیان چیە جگە لەشالأوی سوجدەیەك بۆ سێبەری یار .

کچێك لەقولأیی باخەکانی منا سەودای فەنابوون ئەکا .
مولاقاتی ڕژانی _ ئاو _ ئەکا , لەفنجانی شکانی گۆزەدا .

من ئەزانم .......
بەرلەوەی هەیبەتی پیری فولەدەستەکانم بکا .
لەسەر لێواری ژن کوشتنێك هەیە .
بەر لەوەی هیجرەت بکەم بەرەو تەنیایی ,
کچێك لەنزیك کۆلأنەکانی ژیانەوە نیگا ئەکا .
لەبەردەم پەنجەرەی شکاوی گیاندا ,
کچێك تەپوتۆزی خۆشبەختی ئەتەکێنیٚ بەسەر زەمینا .

تۆ ئەی قەدیسی من ئەی یار ...
بم ڕژێنە بەسەر باخەکانی گۆرانیا ,
بمدەرە دەس فڕینی باڵندەکانو
نیشتنەوەی وەرزی عیرفانا .

**بم سپێره به ئاوازەكانی بێدەنگی و**

**گەریدەكانی دەریای یەئسا .**

**من یارێكم خۆشدەویٚ ..**

**چەشنی باخەوانێك گوڵەكانی خۆی خۆشدەویٚ .**

**من كچێكم خۆشدەویٚ ..**

**چەشنی مەیتەرەوانیٚ گویٚ لەهەناسەی خەمگینی ماندوو بوون بگریٚ .**

**هێندە یارم خۆشدەویٚ ..**

**له كەشیشێك دەچم ئایەتەكانی دڵی خۆشبوێت .**

**ئەوەندە خۆشم دەوێت ..**

**لەتۆبەكارێكی تەریقەتی ژن ئەچم .**

**بەیانیان بەرلەوەیژیان بەرم دات .**

**لەسوچی حوجرەی دڵمەوە وەك بەرماڵێك هەڵدێت .**

**ئێواران دوای فەزای دەرەوە ,**

**بەلوغزی پرچەكانی فەزای تاریكی دادیٚ .**

**دڵم هێندە بۆی ئەسوتیٚ ..**

**لەگوڵێكی ڕەش ئەچم كەبۆ مردن ئەشنیٚ .**

**لەنێچیرێك ئەچم كەوتبێتە خەیاڵی نێچیرەوانەوە .**

**لەتەمێك ئەچم  شعوری هەڵكردنی _ با _ ی كردبیٚ .**

**هێندە ئارەزوی دیدەنی یار دەكەم**

**بارتەقای گولله یەكی وێڵ بۆسەر دڵی جەنگا وەرێك .**

**بەقەت بێدەنگی سنەوبەرێك ,**

**بۆ فەزای پۆڵیٚ چۆلەكەی بەر باران .**

**به دووری بینینی ڕیشۆڵەیەك**

**بۆ ویقاری هەورێکی تەڕ .**

**ئەوەندە حەزم لەبینینی یارە پێم خۆشە بەدڵما بکا عبوور .**

.................. .............. ..............

**عەیارە .... یار .**

**شکۆفەی خونچەیەکی سەبای ساڵحان تەسەور ئەکا :**

**بەحەیاتی عیشوەی وای نەرکدوە .**

**مرواری سەری سوڕماوە دە دەریا لەبەخیلی تەڕی یاردا دڵی بۆ وشك نابێت .**

**شاعیرێکی دنیا دیدەش پێی وابوو..**

**لارو لەنجەی یار بوو هەناری توشی شکانی دڵ کرد .**

**عەیاری یار بوو ...**

**هەتاوی توشی کەوتنە خوارەوە کرد لەئێوارەیەکی درەنگی منا .**

**عەیاری یار . ...**

**دواکەوتنی بەیانیە لە قیرەقیری پاساریەك**

**لەوسەری گەڕەکی بەهارا کەپێی ئەڵێ:**

**(( وای چەن بیرت ئەکەم , بۆدوا کەوتی ئازیز گیان ))**

**بەدەنگ هاتنی دارستانێکە**

**بەدەم حەیابردنیەوە بەدەس غەریزەکانی _ با _ وەو**

**هەموو وەرزێکیش پێی ئەڵێ:**

**(( ئەو ڕەزا گرانە زۆر حەزی لەڕوتیەو هیچیشی پێناكرێ))**

**عەیاری یار ........**

**خۆشبەختی پڕتەقاڵێكەلە حەوشەیەكی پڕ لەمندالاَ**

**بەر لەوەی بەربێتەوە ڕووتیئەكەنەوەو ناوكیئەكەوێتە دەشتەوە .**

**ئەو هەموو خوماریە چیە ئەی یار ؟!!**

**ئەو هەموو خەمانیە چیە ئەی یار؟!!**

**دەستت لەژیان بەرداوەو ماڵی منت وێرانكرد .**

**توشی دەردێكت كردوم دەواكەی لای مەرگی حەكیمە !!**

**هەندێ جار هێندە قەرەباڵغم**

**بەهیچ شتێك لەسێبەرەكەم جیا نابمەوە .**

**ئەوەندە ووتم هاوڕێیان ئیتر ناتان بینمەوە ,**

**خوم بەدانیشتنەوە گرتوە!!**

**وا ڕاهاتوم وەك عابیدێكی دوور لەخودا لەبەردە نوێژی فەرامۆشی تۆدا بپاڕێمەوەو بڵێم :**

**(( پەروەردگارا ,**

**لەبەر بێ مروەتی یار لەم سەرگەردانیە بمان بەخشە ,**

**لەبەر عەیاری لوغزی چاوەڕەشەكانی بمانخەرەبەهەشتی دڵیەوە,**

**لەبەر نازكیئەبرۆكانی مەحفوزمانكە لەم بەرەلاَییەی ژیان ))**

**شۆڕەبیەك هێندە خۆی شۆڕكردەوە تا سەر سنگی _ یار _ ببینێ**

**لەتەریقیا تائێستەش ڕوی نایەت سەریبەرز كاتەوە .**

**گەنجیم كەجوانی یاری بیست**

**خۆی لێگۆڕاو ئاخری کەوتە ناو گۆمی پیریەوەو بەهیچ پیاو چاکێکیش ناگەڕێتەوە.**

**دایکم کەزانی ناوکی یار مرواریە**

**لەداخا کراسی هەموو خوشکەکانمی هەڵدایەوەو ئاخری لەباوەشی باوکما ڕەق بویەوە .**

**دراوسێکانمان کە تێگەیشتن ناگەنە تەڕای لێوی یار**

**سەری خۆیان هەڵگرتوو ووتیان لەو خوارەوە لەدەشتی غەریبیا خنکاون .**

**کەس نازانیٚ یار**

**لەباوەشی چ شەوێکی موڕاحیقا ئەخەویٚو**

**لای کام بەقاڵی ژیان کراسیٚ بۆتەنیایی من ئەدوریٚ.**

**پێغەمبەرایەتی بۆ پیاو چیە ......**

**گەر کچێك شك نەبات ئایەتەکانی دڵی بۆ بخوێنێتەوە .**

**من خۆم (( سەرف و نەحوی )) یارم تەواو کردوەو**

**ئەزانم تاڵیٚ لەپرچی چەن (( ایعرابی )) کوشتنی منە.**

**ئادابیئەو شڵەژاندومی و**

**خستومیەتە سەر پێخەفی پیری .**

**شاعیربوون چیە .....**

**گەر کچێك تالآنی نەکردبی , گەر یار بیماری نەکردبی .**

**گەر قاڵەقاڵی کۆلآنێکی نیشتیمان , دڵتەنگی نەکردبی .**

**شاعیر بوون چیە ......**

**ئەی نیشتیمانم .**

**لەشارەکانتا پێکەنینێکم نەبینی !!**

**لە ڕێگاکانتا پەژارەی خاکەکەت**

**پێڵاوەکانمی لە عارەقی بەجێماوی سەفەردا شەلاڵ کردوە**

**دوا چاکەتی تەنیایم لەناو سنوری تۆدا دڕاند و**

**دوا تاڵی پرچیشم لەغەریبی تۆدا ڕەنگ ئەکەم .**

**ئەی نیشتیمانم .**

**لەسەر تەوێڵم خەتو خاڵی تاقانەی تۆ کێشراوە .**

**ژیانیشم ........ دڵە کوتەیەتی بۆ جیٚ هێشتنت .**

**غەریبەکان , جگە لە ماڵئاواییەك سەرقاڵت ناکەن بەخۆیانەوە .**

**غەریبەکان , ئەوانەن کەهەست بەگەرمای تۆدەکەن .**

**دۆستەکانیشت ,بەختەوەر لەهەر شوێنێك بن جگە لەناو تۆدا !!**

**کچێك لەنیشتیمانا .........**

**بەشوێن تەپوتۆزی منا گۆرانیئەڵێت .**

**لەوانەیەی دوای من باران هەڵکا و**

**کەس دڵی نەسوتیٚ بە مەمکدانە هەڵواسراوەکەی سەر تەنافی گەنجی یار .**

**بڕواناکەم لەم نیشتیمانەدا سێبەرێك هەبیٚ بۆبەختەوەری .**

**بالەناو نیشتیمانا یار بکەینە باخەوان ,**

**بڵێین : پیرۆزت بێت کیشوەری گوڵ,**

**کراسی گەلاٚو کەتانی دڵ.**

**با _ ئاو _ بدەین لەیەخەی**

**هیجای باخ بکەینە بەری ,**

**فەزیلەتی درەخت بدەین لەسەری و**

**بڵێین : موبارەك بێت فەسڵی هەنار .**

بیئاڵێنین لەخۆمان , ئاوێزانیکەین بەبۆنیڕێحان .
بڵێین جوانە یار بەنیگای باخ .
با یار بکەینە ژەنەڕاڵ .........
بیخەینە نێوان جەنگی دڵ و
پەپولەیەکی نازدار .
هەور بخەینە سەر سەری و
ڕێگای بۆ پاك کەینەوە بەگوڵزار .
باخەیاڵی پڕکەین لە ڕۆیشتنی _ ئاو _ .
باران بکەینە ملی و سێبەر ڕاخەین بۆ باڵای .
بابیکەینە پاسەوانی گیان , شورای ئەوین .
بڵێین : بفەرموو بۆ جیناتی دڵ.
با مانگ بخەینە ژێر سەری ,
پێخەفی پڕکەین لە نەعنا .

نیگای هەڵواسین بەچڵی ڕێحانەوە ,
تا بەمەرحەبایەك فەتحیکات ئەم گۆشەی تەنیاییە .
شەوی بۆڕاخەین لەسەر ئاوازی وەرز ,
هەناری بۆبکەین بەشەراب , تا بە نیگایەك فەتحیكات ئەم بێدەنگیە .
با عەیبەکانی بەگەڵا داپۆشین

بیسپێرین بەشعوری پایز بێئەوەی سنەوبەرێك دڵی بشکێ.
سەر سنی بدەینە بەر باران
ماڵی بکەینە مەجلیسی چۆلەکەو قاڵەقاڵ .
هیلالی ئەبرۆی بدەینە بەر هەتاو
دەستی ڕەنگ کەین بەگوڵە پانتۆنیا .

**بڵێین تۆ تاکەیار..**

**بەخێربێی بۆ باخی عیرفان , باخی موحیبەت و باخی گوڵستان .**

**باژیانی برازێنینەوە بەدڵ**

**پڕیکەین لەعیشوەی دۆست و حیکمەتی بێدەنگی .**

**خەرمانی بۆچاکەین لەوەرینی ئەستێرە .**

**دەنگی بکەینە مۆسیقا ,**

**لەدامێنیا عادەتی ژیان کۆکەینەوە .**

................ ............ ................

**بڵێین ئەی یار ........**

**ئەوین بوون سەخترین ڕەقیبی ژیانە .**

**دەروازەیەکی دوولایە کلیلەکانی لەدەرەوەی زەمەنن .**

**بۆمردن گرنگ نیە کلیلی هەبێت یان نا , مردن ئەڤینی تیانیە ئەی یار .**

**مردن سەرەتای هەموو شتێکە جگە لە دەنگی من .**

**دەنگ پەنجەرەیەکە بەڕوی ژیانا بەهیچ کلیل سازێك کلۆم نادرێ.**

**وەرە بالەناو ئەم دەریایەدا شەپۆل بچنین .**

**بالەژێر تاشیێ وەنەوشەدا , گوێ لەحیکمەتی کرانەوە بگرین .**

**من وتۆ جگە لەڕا گوزەرێك بۆ بینینی نەبینراوەکان ,**

**جگە لە دوور کەوتنەوە لەکۆڵانەکانی عەقڵ,**

**نزیك بونەوە لەشعوری دڵەکوتیێ ,**

**کەوتنە خوارەوەمان لەم هەسارەیە بێدادیە.**

**من ئەزانم کچێك هەیە لەم نزیکانە**

لەناو حەرەمی خەیاڵو هەیبەتی چاودا ,
لە شینایی ئاسمان ئەچێت .
من ئەزانم لەم هەسارەیەدا كچێك هەیە ,
چاوی بەقەت لوغزی یەهار تەڕەو
پرچەكانی بارتەقای شەو تاریكن ,
بەمردنی من نەبێت هەرگیز ناكرێنەوە .
كوڕێك لەڕۆژەكانی عومریا یەكجار نیگای یاری بینی ,
دەهری بوو خوی دایە گۆشەگیری .

ئەو فەسڵەی توشی نەخۆشی تەنیایی بوم ,
یار ......... تازە لە نەزمی موڕاحیقی خۆی تێدەگیشت .
ئەو سەدەیەی سەرم دای لەبەفر ,
یار......... لەنەرمای سەرسنگی خۆیەوە ژیانی بەدی ئەكرد .
ئەو ئێوارەیەی خەبەری فەرامۆشیم پێگەیشت ,
لەو دیو باخەكەی عومرمەوە ئاوابوو خۆشبەختی .

ووتیان یار لەسێبەری شەقامێكا سەودای موحیبەتی كردوە !!!
هەواڵی خۆشەویستی لەسنەوبەرێكی بەفیز پرسیوە و
لای هەتیوێكی بازرگانی دوور لەخەیاڵ
تەعاروفی لەگەڵ ژیانا كردوە .

وای لە حەژمەت بەدیل بوونی دڵم بۆتۆ

**ئەی یار .**

**وای لەحەژمەت نازی تەڕی تۆ**

**ئەی كچەكە .**

**سەدای من لەوێدایە بەبێ بینینی تارماییەك**

**گیانم شەلاڵە لەعیشق .**

**بەبێ هەڵبڕینی دەستەكانم بەرەو شیناى ,**

**هەست بەوێرانبوونی ڕۆح ئەكەم .**

**بەبێ هەڵكردنی _ با _ ,**

**شعوری وەرینی مەرگی گەڵایەك ئەكەم .**

**دەنگی من ...........**

**دەنگی زاهیدێكە لەبەردەم دڵێكی وندا .**

**ڕوانینی من .....**

**فەزیلەتی زەویە بەرامبەر بەعارەقی لاملی ئاسمانی گەردنی تۆ .**

**لە خوار تەنیایمەوە ....**

**سێبەرێك شەپۆلەكانی گۆشە گیریم ئەخرۆشێنێ.**

**لەئەستێرەیەك ئەچێ لەتاریكە شەودا بدرەوشێتەوە .**

**ئەچەمێتەوە تا لەزیخی دڵی من مرواریەك بچنێ.**

**ئەوە دەستی یارە لەئاو ئەچێ لەم گیانەدا .**

**من بەبێ هەڵكردنی چرایەك ...**

**لەم دەریایە مرواریەك ئەبینم لەدرەوشانەوە .**

**كاتی ئەوەیە ببینە كەشتیەوانێك سەوڵەكانمان بخەینە گیانی یارەوە .**

**لەكەنار سێبەریەوە دانیشین و**

**سەیری دووری مردن بكەین .**

www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23:23:43 4-12-2006

**سەیرکەین تا پیر دەبینەوە , سەیرکەین تا منداڵ دەبینەوە .**

**با قەوزەیەك بپێچین لەحەیای**

**تا سەوز بێنەوە دوری نێوانمان .**

**حەوزی پڕکەین لەماسی مەخمەڵی و**

**ماڵی بە لاولاو داپۆشین .**

**با دڵی لە _ ئاو _ دا بکەینەوە , شعوری پسپێرین بەتەڕایی .**

**کراسی شەو بکەینە بەری و**

**هەتاو بدەین لەسەری .**

**با یار بکەینە پاسەوانی بێئەدەبی خۆمان .**

**لەشکری بۆ ڕێکخەین لەوەفا .**

**کۆڵانی پڕکەین لەسێبەر .**

**شاری بڕازێنینەوە لەڕەنگ .**

**باخچە بەتەنافیا هەڵواسین , نزای تەنیایی بخەینە بەر پێی .**

**تاجی پایز بخەینەسەر سەری ,**

**ئاشنایکەین بەفزولی بەهار.**

**پەپولە بکەینە میوانی ,کۆتر بگرین بۆهەیوانی ,**

**تابڕژێت بەسەر ئەم تەنیایەدا .**

**شەوی بەنوور داپۆشین**

**فەرشی پڕلەچیمەن بخەینە ژێر پێی .**

**گۆرانی بگرین بۆقەفەزی , خەیاڵ بکەینە سەرپۆشی ,**

**ماچ بوەرێنینە باوەشی .**

**دوور لەیار.........**

**ئەشێ ژیان فەزای تەنیایی بێت .**

**ئەشێ ژیان کوشتنی گەڵایەك بێت لەکاتی فڕینی_ با_دا**

**ئەشێ دوور لەیار .......**

**مردن فاسلەی نێزان بینینی شۆڕەبیەكو ئاوێنەی گۆماوێك بێت .**

**فاسیلەی نێوان باڵی پەپولەوە**

**شنەشنی لقی درەختێك بێت .**

**ئەشێ مردن تەماشاکردنی هەتاو بێ**

**لەچاوی فنجانێکی پشت پەنجەرەوە .**

**ڕاکشانی مانگ بێت لەحەوزێکی لێلدا .**

**تەسەوری سنەوبەرێك بێت بۆ پایز .**

**دوور لەیار ............**

**ژیان دەنگێکی گەورەیە لەگوێچکەی ماسیەکدا .**

**مردن نەسیحەتی _ با _ یە بۆ باوەشێك گەڵای وەریو .**

**بابچینە کەنار باخەکان ,**

**سەفەرکەین بەناو برینەکانی دڵدا .**

**گوێ لەورتە ورتی لقێك بگرین ,**

**بەدەس قورسایی هەنارێکی سەنگینەوە .**

**ئاشنا بین بەڕەوانی _ ئاو _ و**

دڵتەنگی بۆڵە ترێك بگوشینە دەم زەردەواڵەیکی تێری سەرخۆشەوە .

خۆمان بدەینە دەس سێبەر ......

تەماشای ئاسمانکەین بە منداڵی , تەماشای زەمین کەین بەگەنجی ,

تەماشای یار کەین بەجوانی .

زەمبیلەیەکی چاوەڕوان بەدڵی تەڕی یار بشۆین .

گۆزەیەك لێوان لێو کەین لە خەیاڵی نەرمی پێکەوەبوون .

تەماشای یار بکەین لەسێبەردا , تەماشای یاربکەین لەوسەری کۆڵانی باوە .

با بەڕوئیای باخەکانەوە بچینە ناو شارەکان

بەڕوئیای بارانەوە بچینە بەردەم ماڵی یار .

وەك کەناسێکی خەمگین خەمی پاکی گەڕەکەکانی تەمەن بخۆین .

چەشنی هەژارێك ,

ماڵ بەماڵو کۆڵان بەکۆڵانی ئارەزو تەیکەین ,

چنگێ خۆشبەختی کرکەینەوە بۆ یار .

لەسەر عەرەبانەیەکی پڕلەسەوزە .

چەپکێ ماچ بکڕین بۆ یار .

لەناو کۆرسی بەقاڵەکانا باسی عیشوەی یاربکەین .

ئەگەر بەیانیەك درەنگ هەڵیکرد ,

گلەیی لەدەنگی کەڵەشێربکەین

بۆچی یاری بەخەبەر نەکردوەتەوەو ئێمە بەتاریکی دانیشتوین .

گەر شەقامێکی چۆڵمان بینی ,

بەخەیاڵی قاڵەقاڵی پاساریەکەوە تێپەڕین بێئەوەی یار ئیزعاج بێت .

گەر سنەوبەرێکمان بینی ڕەش هەڵگەڕابو

بزانین ئەوە ڕیشۆڵە میوانیەتی .

www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23:23:43 2006-12-4

**گەر منداڵێکمان بینی شێوابوو**

**بزانین ئەوە حەزیلەوەنیە وانەی سیاسەت بخوێنی .**

**گەر پاسێکمان بینی سەفەری هەڕاج کرد ,**

**بزانین لەدەرەوە ژیان خراپ بوەو بچینەوە سکونی تەنیایی .**

**گەر میوە فرۆشێکمان بینی هەناری ئەگۆڕیەوە بەدڵ**

**بزانین سەرەتای وەرڤێکی ترەوە و خۆمان بڕازێنینەوە بۆ دیدەنی یار .**

**ڕۆژنامەبکڕین بۆ پەڕەسێلکە با ژیان قەرەباڵغ نەبێت .**

**لەبەیانیەکی زوودا ........**

**ترسی گایەك لەگەڵ بێداری قەسابێك ئاشت کەینەوە .**

**نامەی ئارەزوە ماچێ بدەینە چوکلێت فرۆشێ**

**تا بیگەێنێتە کەنار لێوی یار .**

................ ........... ................

**بێتاقەتیمان بەدیوارەکانا هەڵواسین و**

**سوجدە بۆ پرتەقاڵێکی سەر گەردان ببەین لەبەردەم دەرگای ماڵی یارا .**

**گوێ لەورد بونی شوشەیەك بگرین لەکاتی دڵ شکانا .**

**بەرماڵی نەسیحەت بدەین بەسەر شانی سەرخۆشی کۆڵانیکاو دڵی بە ڕەفزەکانی یار بدەینەوە .**

**لەمەیخانەیەکدا .........**

**گوێ لەخەیاڵ بگرین , گوێ لەپاکی بگرین .**

**گوێ لەئاوازی تەنیایی بگرین بەدەنگی شەراب .**

**بەرائەتی یار بخوینە ناو کتێبێکەوە .**

**شەقامەکان پڕکەین لەوێنەی یار , بێئەوەی سەرکردەکان دڵیان بشکێ .**

**لەژێر سەرینی شاعیرێکدا قسەیەکی قورس دەربهێنین .**

**لەناو پەرداخی مەیزەدەیەکدا بەشوێن دڵتەنگیا بگەڕێین .**

**بچینە بەردەرگای ماڵی یارو هەستبەبوونی زەوی بکەین .**

**لەناو پۆلەکانی قوتابخانەدا ........**

**جەبری کوشندەی پیری حەلکەین بەنێو چاوانی عومرەوە .**

**هەرکاتێ پیری هات ........**

**فنجانی گەنجی لەپەنجەرەکان داگرین و**

**بڵێین : کەس لەماڵ نیە .**

**هەرکاتێ دوورە دەرکەوت .........**

**بەیار بڵێین : بچۆرە بەردەم گوڵ فرۆشێکەوە و بۆن بەپەنجەکانیەوە بکە .**

**ئەو ڕۆژەی گێلاس غائیب بو لەکۆرسەکانی خوێندنا**

**زەنگی کۆتایی ژیان لێدەین تا لەداخی جوانی یاردا دەموچاوی ئەترشێ .**

**هەرساڵێ ڕێحان کاڵ بویەوە**

**با ئاگاداربین یار عارەقی لاملی بەکەڵکی ناشیرینی ئەم سەر زەمینە نایەنت.**

**ساز لەمۆسیقاریک وەرگرین و بیدەینە دەس کەناسێك .**

**نەی لەنەی ژەنێك وەرگرین و**

**بیدەینە دەس ئاسنگەرێك .**

**دەرمانی هەموو دەردێك ببەینە لای مەیتەرەوانێك .**

**دەسەلأت لەمرۆ وەرگرینەوە بیدەین بەدەم ئاوەوە .**

**باخەوانێك بکەینە والی :**

**سوپایەك دروستکا لەگەلآ**

لەشكرێك بڕازێنێتەوە بەدەنگە دەنگی پاساری .
هێرشی مێشولەیەك بوەستێنیٚ
لەبەردەم خەوی بەر هەیوانێكا .
شەلاٚلی باٚلی كۆترێك فێنك كاتەوە
لەگەرمای نەسیحەتی هاوین .
شار پڕكەین لەنەوای لای لایەی دایك .
حیكمەتی دنیا دابەشكەین بەسەر پێكەنینی دوو مندالاٚ لەكۆلاٚنێكی تەنگا .
زەمبیلەیەكی پڕ لەلەزەت بنێرینەوە بۆماٚلی یار .

گوڵدانی ئارەزو بخەینە سەر پەنجەرەی .
كلیلی ڕوناكی بدەینە دەستی و
دەرگای دلٚی بۆبكەینەوە ,
ڕۆحی بۆبكەین بەكراس .
بلٚێین ئەی یار ........
لەقولاٚی تەنیایی منا گیان لەیادەوەری تۆدا ئەمریٚ ,
لەسەختی دوری تۆدا گریان لەلقەكانی عومرم بەر دەبێتەوە .
لەفزولی نیگای تۆدا , هەمووشەویٚ ئەڕژێم بەسەر مەستیا .
ئیحساسم چەشنی چرایەك پرشنگ ئەخاتە بیرەوەری تۆوە .
تۆ ئەی یار ..........
خۆشەویستی من بۆتۆ عادەتێكی مندالاٚنەیە .

من ئەزانم .......

**دڵ کاتێ ڕەش هەڵدەگەڕێ , وەرزی ونبوونی وەفابێ,**

**ئەوین کاتێ ئەمرێ ,فەسڵی دوری هەڵیکردبێ .**

**من ئەزانم .......**

**عەشق تەماشاکردنی گەریدەیەکە بۆ نیگارێکی نایاب ,**

**هەڵواسینی سکێچێکە بەدیواری ژیانەوە .**

**تامکردنی هەنجیرێکە لەدڵی گەرمی هاوینا , لەسەر ئارەزوی دوو لێو .**

**عەشق کەوتنە خوارەوەی بەیانیە لەسەر باڵی پاساریەك .**

**عەشق بەقورسای ئێوارە خەمگینە .**

............... ............. ..............

**من دەزانم کچەکە ........**

**خەیاڵی سەرما بردەی تۆ ئاشنام ئەکا بەکەندو لەندەکانی ژیان .**

**هەیبەتی جوانی تۆ سەری لەتەجەلای ئاسمانیش تێکداوە .**

**سەبای ساڵحان بەڕوی تۆدا ئەکرێمەوەو**

**ئێوارانیش سەریسەرگەردانیم ئەڕژێتە چۆڕێك مەستیەوە .**

**لێگەرێ ..........**

**با دڵتەنگی گۆرانی بڵێ.**

**پێکەنین ببێتە زێوانێك لەبەردەم دەروازەی داخراوی سینەما .**

**غەریبیت ئەکەم کچەکە . غەریبیت ئەکەم ئەی یار .**

**دەمەو عەسرانێك دێت پەشیمانیت بەتەنافی پیریتا هەڵواسیو**

**نائارامیت بەرەڵاکەیتە سەر شەقامەکان .**

**ڕۆژێك دێ كزەیەكی دوری بەڕوتا هەڵئەكاتو**

**فریاناكەوی شێواوی عومرت كۆكەیتەوە .**

**عومرێك دێ هیچ لەم عومرە ناچێ ,**

**نەمن لێرەمو نە ئارەزوی تۆ**

**تێبگە ئاخر من ناتوانم بەیادەوەری بژیم !!**

**ئاخر من لەو دۆستانەم یار توانی درۆم لەگەڵ بكا ,**

**تەماشاكە بەچ خۆشبەختیەك دەستم پێكردو بە چ ئازارێك كۆتای هات .**

**تەماشاكە..........**

**تۆ بەچ گۆرانیەك دەستت پێكردو بەچ سەمایەك كۆتای هات .**

**من لەشینای ئاسمانا نیگاری تۆم كێشاو**

**لەناو تەمدا ئاشنابوم بەهەڕەتی هەرزەكاری جوانیت .**

**تۆش لەبەیانیەكی تەنگا وەك سكەیەكی كۆن زڕنگایتەوەو**

**لەدەمەو عەسرانێكی درەنگا كۆتایت بەفڕینی چۆلەكە هێنا .**

**سەیركە بەم هەموو دەردەوە چەن لەئاو ئەچم !!**

**بەم هەموو بیماریەوە چەند لە سەرەتای گەنجیەتی ئەچم !!**

**من ئەزانم ........**

**لەژێر سێبەری تۆدا ئەمرمو**

**لەكەنار تۆوە حونجەی بەرەلاًیم ئەكەم .**

**غەریبەیەكی باخەكانی تەجەلام ,**

**گەنجیم لەقەراخ بێدەنگی تۆدا ئاوازی دووری ئەژەنێو**

**پیریشم پڕە لەسەنگی حەقیقەتی جوانی تۆ .**

**دەبیّ بچینە سەر زەمینێكی تر ........**

**سەرزەمینیّ باخەكانی لەبری سێبەر ئەوین بگرن .**

**گەردی گوڵەكان لەگەردی پەنجەكانی یار بچن .**

**لەبری باران سەلامی یار بباریّ.**

**لەبری ڕوناكی نیگای ڕونی یار هەڵبێت .**

**سەرزەمینیّ پڕبیّ لەتەپو تۆزی مناڵی.**

**لەبری بۆنی گولّ بۆن بەسەر سنگی یارەوە بكەین .**

**لەبری كرانەوەی وەرزەكان دەستی یار بكەینەوە .**

**تۆ سەیركە .......**

**دەبیّ بە هەموو دڵتەنگیەوە بچینە سەرزەمینی عەهدوو وەفای یار.**

**تۆ سەیركە ..........**

**بەم سادەییەوە كچێك لەقولاّی دەریاكانی منا مرواری ئەچنیّ.**

**بەم سادەییەوە .........**

**یار لەعومری بەخەساری منا تەنیایی ئەچنیّ.**

# لەرۆژهەلاتدا

# لەیەك شوێنەوە خۆر هەڵدێ

**لەنێوان ژیان و مردنا لاو لاو هەیە**

**من دەبێ بڕۆم ....**
**ژنەکانی ئێرە هێندەی هەنگێك دەستەکانیان نەرم نین**
**ژنەکانی ئێرە بە پەرژین دەڵێن دیوار**
**ژنەکانی ئێرە تۆوی دڵیان وەریوە .**
**وەختێك عاشق دەبن مانگ دیاربێت .**
**ژنەکانی ئێرە ئەوەندە ئارەزویان هەیە بونەتە میراتگری ئاسمان .**
**من دەبێ بڕۆم ....**
**دەشزانم کەس بانگم ناکات .**
**بەتەنیا دەڕۆم**
**بەیانیەکی زوو پێش دەموچاوشتنی ژیان**
**تەنیایی خۆم کۆدەکەمەوەو**
**بەرەو ئەو باخە دەچم سێبەری لێیە , گەڵای لێ یە .**
**ئەو باخەی بۆنی بنباخەڵی باخەوانەکەی**
**لەعارەقی لاملی گوڵەبەیبون دەچێ.**
**دەچمەسەر جۆگەیەك و**
**بەیادی منالیەوە قاچ دەخەمە ناو گۆرانیەوە**
**سەرم دەخەمەسەر شانی دار هەنجیرێك و**
**خەون بەفەزای بێدەنگیەوە دەبینم .**
**من دەبێ بڕۆم ....**
**تاقەتی ئەم هەموو قسە ئاسنینانەی کاژی شارەکانم نەماوە .**
**دەگەڕێمەوە ناو باوەشی دایکم**
**لای تاوێرەبەردەکانی جاران .**
**دەچمەماڵە دراوسێکەمان و**
**داوای تۆزێ پێکەنین دەکەم بۆ باوکم .**
**هەرکەسێکیش لەسۆراخم دەپرسێت**

**دڵم پڕە لەگریان .**

**حەزدەکەم ببمە خزمەت کاری درەختێك .**

**کاتیَ ڕۆیشتم حەتمەن بەبێدەنگی دەڕۆم .**

**نەبادا سەر لەپەپولەکانی قەراخ ڕێگەکە بشێوێنم .**

**دەبێت بیرم نەچێت .... بەرلەوەی بڕۆم**

**ئەملاو ئەولای هاوڕێکانم ماچ کەم تا لای گلەیەك باسم نەکەن .**

**ئەبیَ بەدراوسێکەمان بڵێم**

**گەردنم ئازاکە کەنەمتوانی هەرگیز بتناسم .**

**ئەبیَ بەدۆستەکەم بڵێم**

**دڵیَ کەس مەشکێنە**

**ژیان هێندەی مەرکانەیەك جوانە .**

**ئەبیَ بەم بیَ ئۆقرەییەی خۆمەوە**

**لەگەڵ منداڵەکاندا تائەوسەری کۆڵاَن ڕاکەم .**

**تاعومری پیریم ڕائەچڵەکیَ .**

**دەبیَ بڕۆم ....**

**دڵنیام کەسیش نایەت بەشوێنما**

**دەچمەوەبۆ خەوی بەرهەیوان**

**لەبری پەتوو بەرماڵی هەتاو ئەدەم بەخۆمدا .**

**دەموچاوم لەترسی مێشولەیەك ووندەکەم .**

**تێر بەسادەیی سەیری ئاسمان دەکەم ,**

**تێر بەجوانی لەزەوی ورد ئەبمەوە .**

**قومێك ئاو دەخۆمەوە بۆنی زیخەڵاَنی لیَوەبێت .**

**لەم جۆگەوە باز ئەدەم بۆئەو جۆگە**

**تالەتامی منداڵی تێبگەم**

**گەر ئێوارەیەك تەنیا بووم**

**دەچمە بن گاشەبەردێك هەواڵی گوڵاڵەسوورەکان ئەپرسم .**

**ماندو نەبون لەبەرخێك دەکەم**

**بەدەم جوینی گەڵایەکەوە .**

لەگەڵ فەقێی خانەقایەکدا باسی تەجەلا بوونی هەنار ئەکەم

دانە دانەساڵەکان دەژمێرم

تادەگەمە بێدەنگی نەنکم

مێزەرێك ئەبەستم بەسەرمەوە

باخەمی ژیان لەکوڵم بێتەوە .

گۆرانیەك دەڵێم ....

هیچ پاساریەك نەیووتبێ

پرسیارێك دەخەمە خەیاڵمەوە

بەمێشکی هیچ باخەوانێکدا نەیەت

دەبێ بڕۆم .....

لێرەکەس چاوەڕێم ناکا.

کە گایەکم بینی بەیتێ نەسیحەتی وێنجەی بۆ دەخوێنمەوە .

بەیانیانیش نانێکی گەرم

بەدەستە شیرینەکانی دایکمەوە ئەخۆم .

کە ڕاش کشام تابانگم نەکەن

( نەبەز ) هەستە پایزە هەڵناسمەوە .

لەگەڵ بەهارا بەدیار سەوز بوونی گەڵاوە

پێدەکەنم .

خەیاڵم دەخەمەو ناو کانیەکەوە

تادەگەمە تامی فقە.

بەسەر سنگی ئاوەوە لەمەلێك دەڕوانم

بۆتێر بونی تەماشا .

ژیان لێرەیە

لەکن چناری ماڵەکەمان

لای شنەشنی دار توەکەی بەر هەیوان

من دەبێ بڕۆم ........

دەبێ ئێرە بەجێ بهێڵم

پیاوەکانی ئێرە بەرەو لەزەت پێچ دەکەنەوە .

**پیاوەکانی ئێرە سادەنین , ئازاریان نەناسیوە .**

**پیاوەکانی ئێرە خەم بۆ شکانی باڵی چۆلەکەیەك ناخۆن ,**

**نازانن دڵی لقێك بدەنەوە**

**بەدەس قورسایی قاچەکانی باڵندە.**

**پیاوەکانی ئێرە حەزیان بەتەنیایی نیە .**

**من دەبێ بڕۆم .....**

**بۆ ڕۆژهەلاٚتی لاو لاو .**

**بۆ ڕۆژهەلاٚتی هەتاو .**

# نامەكان

**یەسنای ئازیز کچی مەحوی لەکوێی ؟!**

**زۆر غەریبیت دەکەم**

**قەت نامەوێت لەسەر ڕابردو بژیم , ئەوەی بینیم جەنگێك بوو بەرگەی جوانیەکەیم نەگرت , کەس نەبوو بمخاتە ئەو باوەڕەی کەسێك هەروا بەو ئاسانیەدێتە ناو ژیانم بێئەوەی لەدەرگاکانم بدات لەگەڵ خۆی دەمبات تا نزیکی ونبوون .**

**جادو گەرێکی سەیربویت خانمی گەورە . شتێك زۆر دەی شڵەژاندم هاوڕێیەتی ژنەکان بوو . بەس تێنەگەیشتم جۆن توانیت جەسارەتی ئەوەم بدەیتێ ئەم بیرکردنەوەیەم بدەم بەدەم ئاوەوەو لەبیری بکەم ؟!**

**هێشتا حاڵی نەبوم چۆن هاتی !!**

**ئەو کاتەی لەژێر سێبەری تۆدا خۆم بینی هەموو دەرگاکانی ژن بوونم لەسەر خۆم داخستبو تەنانەت پەنجەرەکانیش ,بەس بیرم چوو لەسەر شەقامێك کەسێکم بینی بوو لەدڵم ئەچوو پێم وابێ ئەوەتۆبوی , بەدبەختی من هەرئەو ئێوارەیەبوو بە چاوەکانت سەلامێکی کزی منت وەڵام دایەوە .**

**دەبێ ئەو ئێوارەیە لەژیانی تۆدا بونی هەبێت ؟! سەیرە گەر تۆش وەك من بیت . باوەڕ ناکەم هێندە گێل بیت ئەو بەرائەتەت لەبیر مابێت . ئەم خەیاڵە تاڵانە بەجێ بهێڵە بۆمن , تۆحەیفی کاتی خۆت بەم دەردانەوە مەکوژە .**

**دەزانی ڕابردوو دەردە ؟!**

ڕەنگیشە ئینسانی کورد گەر یادەوەریەکی تەندروستی هەبوایە دەیزانی ماهیەتی خۆی کەوتوەتە کوێی دنیاوە , بۆیە قەت باوەڕ بەخۆشەویستی منی بێ یادەوەری مەکە کە ئینسانێکی کوردم , ئێمە هەمووومان وەك یەك دوو ڕووین .

باشتر وایە بۆخۆت عەشق بکەی . بۆئەوەی لەژیاندا نەمریت و شتێك هەبێت فەخری پێوە بکەیت زاهیدانە بژی. داوای هیچ شتێك لەبەرانبەرەکەت مەکە جگەلەحورمەت گرتنی ژیان .

هەوڵیش بدە ئینسانت خۆشبوێت نەك شتەکانی , شتەکان هی تاقە کەسێك نین دیاردەیەکن هێندە دەستەکانیان بینیوە پڕن لەجێ پەنجەی تاریك , باناسکی پەنجەکانی تۆ نەچێتە سەر تارمای پەنجەیەك دڵت بە خەمگینی داگرێت .بیرت نەچێت . من ئامۆژگاری کەس ناکەم .

هێشتا نەبومەتە ئەو باوکە مشتەکۆڵە بەهێزەی حەزم لەئامۆژگاری بێت . وەلێ کەسێکم خۆشبوێت ئارەزو دەکەم هەرچیم هەیە بیدەمێ گەر باوەڕیشم پێبکەی ئەو کەسە تۆی .

زۆر منداڵانە قسەت بۆدەکەم , پیاوە ڕاستەقینەکانیش ئەوانەن دەتوانن منداڵی خۆیان بۆژنەکان دەرخەن نەك بیشارنەوە , بەڵام حەزم دەکرد ئەوەت پێ بڵێم قەت شعورم نەکردوە تۆ ژن بیت , ئەوەندە دەزانم هاوڕێکی سوکەراتیانەم بویت . کەچی نەت هێشت , زۆر زوو شتەکانت تێکدا , زۆر زوو منت وونکرد .

سەخت بوو بۆ من بەو ئاسانیە لە ژیانی خۆت دەرت کردم , ئەوەی چاوەڕێم نەدەکرد ڕویدا .

تۆ لەوەگەڕێ چەند عەزیەتت داوم .... ئێستە حاڵت چۆنە ؟

ئایا تەنهایت یان کەسێك لەناو گیانتا هەیە لەمن ناچێت ؟! بۆنی تەنیایت هەست پێدەکەم , وەك من مەبە خۆتۆ نەدۆڕاویت , تۆ بەرگەت نەگرت نەك دۆڕابی , ئازایەتی تۆ ئەوەبو دەتتوانی هەموو کاتێ بڕیاری یەکلا کەرەوە بدەیت .

**ئەوەندە بەهێزبویت دەتوانی هەسارەکانیش بگۆڕیت .سەیرم لێدەهات بەو ئاسانیە قەراری تێکەڵ بوون بدەیتو پاشان قەراری دووریش هەڵبژێری !!**
**پێدەچێت ژیان تەنها ئەو ساتەبێت کەدەیبینین , هەست ناکەیت بومەتە بەرگری کارێکی باشی هەڵەکانی تۆ ؟ ئازیزم ... دوای تۆ ناچاربوم هەموو ژیانم سەرلەنوێ بگۆڕم , ئەمە لەئازایەتی منەوە نەبوو وە بڕیارێکیش نەبوو ئیرادەی من دابێتی بەڵکو جێهێشتنێك بوو کاریگەری کردە سەر تەمەنم . تەنانەت بیرکردنەوەشم .**

**ئیدی بینینی من بۆ ژنەکان بەجۆرێك کۆڕا تائەم حاڵەتەش نەم توانیوە وەك جارانی لێبکەمەوە . ئەمەش گوناهی تۆنیە , گوناهی ژیانە ناچارمان دەکات دۆستایەتی کەسانێك بکەین کە هەقی دۆستایەتیان نیە .ئای چەند زەحمەتم کێشاوە لەگەڵ دۆستەکانمدا , بەردەوام قوربانی پەیوەندیەکانی خۆم بوم , ئەوەندە کەسە نزیکەکانم بونەتە هۆی ئازاردانم هەرگیز نەیارەکانم ئەو کارەیان نەکردوە .بۆیە زۆرجار پێم خۆشبوە بەتەنهابم بۆئەوەی ئازاری کەمتر ببینم لە تەمەنما .**
**تێکەڵ بون زۆرجار دەبێتە هۆی قەرەباڵغ کردنی ژیان بەبێسودیش , ئێمە ناتوانین لەناو ئەو هەموو دەنگەدا دەنگی خۆمان بدۆزینەوە گەر تامی گۆشەگیریمان نەچەشتبێت .**
**دەمەوێ سوپاس گوزارت بم کەتوانیت دورم خەیتەوە لەخەڵکیو بمخەیتە ناو ئەو شوێنەی کەخۆمی تێدا دەبینم , ئەمەش کردەوەیەکی حەکیمانەیە کە بێئاگا تۆلەگەڵ منت کرد , ڕاستیەکەی ویستت دەرمکەی لەژیان بەلاَم من لەلێرەوارەکانەوە هاتمەوەو بوو مە دۆستێکی نزیکی خۆم تاپەی بەم دنیایەببەم کەهیچی لێ حاڵی نابم.**
**لەهەموو حاڵەتێکا بیرت دەکەم , گەرچی لێرەنیت , وەلێ ماهیەتت وون نابێت لەلام .**

2005 \6\15

**ئازیزم ....... یەسنا**

**ماوەیەکە زۆر سەرقاڵم , سەرقاڵیەکەم پەیوەندی بەخۆمەوەنیە , خۆت باش دەزانی لەو کوڕانەم هەرگیز بیرم لەخۆم نەکردوەتەوە تابزانم چۆن دەژیم , ئەوەی گرنگە بەلامەوە گرتنی کاتەکانە تا شتێك ببەخشم نەك بەدەستی بهێنم .**
**ئەوانەی بۆبەدەست هێنان هاتونەتە ژیانەوە پێویستە لێیانەوە دوربین تا ئیحساسمان پیس نەبوە , ئەوانەش بۆبەخشین پێویستیان بەژیان هەیە هەقی دەست ماچ کردنیان هەیە لەلایەن ئێمەوە , چونکە دوای پێغەمبەرەکان دایکەکانمان باشترین بەخشێنەرن , کەواتەگەر حەزمان لەبەخشین کرد دەبێت یەکێك لەم دوانەبین.**
**ئێستا خەریکی تەواو کردنی پارچە شیعرێکم باس لە ژیانی منو تۆ دەکا ,ئەم شیعرەم هێندە عەزیەتی داوم واهەست ئەکەم لەتۆ دەچێت .شەوان تا دەنگی بڵند گۆکانی ڕۆژهەلات دێت بەدیاریەوە ئەژیم , نزیکەی سێ مانگە بوەتە ئازیزترین هاوڕێم ,بەلأم کاتێك دەیخوێنمەوە بۆ هاوڕێکانم تەسەور ناکەن ئەوەی نووسیومە بەشێکە لەژیانی ڕابردوم .**

ئەوان تەنها وەك شیعرێكی دۆستانە تەماشای دەكەن خۆگوناهیشیان نیە .چوزانن ئەوە بەشێكی قسەكانی منەبۆتۆ لەڕێگەی زمانی شیعرەوە .

شیعر نووسین بۆكەسێك كە شاعیر نەبێت كارێكی گەمژانەو گرانە , من هەم گەمژەبووم و هەمیش ئازارم كێشا تا بتوانم شتێك بنووسم لە شیعر بچێت ,تێناگەم بۆدەستم پێكرد سەبارەت بەتۆ حیكایەتێك بنووسم ؟!!

حەزم دەكرد من دەستم لە خولقاندنی تۆداهەبوایە تا ئەو مافەم هەبێت كاری چاكت بۆمەیسەركەمو ژیانێكی لەبارو خۆش گوزەرانیشت بۆ دەس نیشان بكەم , هەرچەندە دیدی من زۆر خراپە لەسەر تۆ .

كەچی ناشمەوێت بیٚ ویژدانیەك بكەم كە توانای ئەوەم هەبێت قبولٚ بكەم تۆ خەمباربیت ,هەڵبەتە ئازایەتی تۆ لەوێدا دەبینم دوای من پێكەنینەكانت زۆرتربێت .دڵنیاشم ئەو جەسارەتەت هەیە وابكەیت .

وابیر لە ئێستات بكەرەوە كەمن شتێك نیم بتوانم ژیانت تێكدەم , پێم دەكرێت دەموچاوم بدەم بەیەكاو لەهاوڕێكانم بتۆرێمو ئیدیلە درەنگانی شەواندا نەچمە سەرشەقامەكانو سەیری ئاسمان كەم , بەڵام ناتوانم تۆلەبیركەمو بەشێك لە تەنیایی خۆمت بۆنەنێرم وەك دیاریەكی ڕەزاگران .تكایە حورمەتی تەنیایەكانم بگرە .

گەر تۆ ژیانت خۆش بێتو دڵگران نەبیت من ئاسودە ئەبم ,

خۆشم دەوێیت .... گەر ئەم قسەیەم سەرم نەخوات , دواجار تۆمنت فەرامۆش كرد, بەلاٚم من هەرگیز ناتوانم هەنگاوێك دوور لەسێبەرتەوە دنیا ببینم .ئەمەش كوفرێكە تێی كەوتومو دەرچون لێی كەمێك مەحاڵە .

2005 \ 8 \ 20

**گیانی من ... یەسنای بەڕێز**

**دەردی من لەم ئێوارەیەدایە**

**زۆر قەلەقم , هەمیشە بەناڕازی بوونەوە دەس بۆ شتێك دەبەم کەخۆم دەمەوێت دەستی بۆببەم ,لەوانەیە لەم ڕیگا گێژو وێژەیەدا قەلەقی داڵدەیەکی باش بێت بۆ خۆدور خستنەوە لە ڕاستیەکان ,نامەوێت وەك مامۆستایانی مەرگ خۆم گومڕاکەم لەو تەمەنەی پێم بەخشراوە ,دەزانی زۆر سەیرکردنی مەرگ واتە سوك کردنی ژیان , فیربونی ژیان‌و بەکار هێنانی دوشتی زۆرجیاوازن هەرگیز یەك ناگرنەوە .**
**ڕاستیەکەی ئەوەیە تەمەنی ئێمە بەچەند گۆرانیەکی شیرین‌و لای لایەکی ئێواران بەسەر ناچێت , ئەوەنیە کەچاومان دەکەینەوە ڕوناکی هەڵهاتوە کەواتە تەواو نابێت ئەوە ئێمەین تەواو دەبین‌و پێمان وایە کۆتاییەك هەیە .**

خۆبەدەستەوەدانیش هەڵەیەکە زۆرکەس تێی دەکەون , من هیچ چێژێك لەوە نابینم قەناعەت بەوەبکەم کەهەیە . دەبێت لەخۆمان بڕوانین تا بتوانین نرخێك بۆئەوانیش دەسنیشان کەین .

هەندێکجار ئەڵێم دەچمە شوێنێك فێری خوێندنم بکەن , هەندێ جاریش ئارەزوە سەفەر دەکەمو دەشمەوێت ئەو شارەبەجێ نەهێڵم ئازیزەکانمی تێدایە .

بەڵام ئەمانە هەمووی خۆکوشتنە ,دەردی من بەم وەهمە سادانە تیمار ناکرێت ,کاتێك من نەتوانم بۆچرکەیەك ئاسودەی تام کەم ئیدی بۆمن چ کەڵکی هەیە لەباوەشی ژیانا ڕاکشێم .

ئەم ئێوارەیە قەدەر واخواستی چاوم پێت بکەوێت , دەزانی زۆر حوان بوویت , وەکوجاران نەرمایەك لەژیانتا بەدیدەکرا , عەزابی من لەناو دیدەی تۆدایە ,نامە وێت ئیتر ئاوا بەو ئاسانیە بت بینم لەوانەیە بەرگەی تەماشاکردنێکی تر نەگرم .

دیارە وام لێهاتووە بە چرپەی گۆرانیەك دڵم پڕدەبێت لەگریان .

بەهەر حاڵ......................

حەزەکەم بمرم

2005 \ 10\17

**ئازیزم ........ یەسنا**

**ئێستە لەهەموو كات هیلاكترم بۆت , لەناو شارێكدا بەڕاستی هەست بەغەریبی دەكەم , ئەوانیش وەك من قسەدەكەن , وەڵێ تێناگەن لێم , ئەمەش لەنەزانی ئەوانەوە نیە بەڵكو لەگوناهی منەوەیە كەناتوانم خۆم بكەمەوە .**

**عادەتێكی سەیرە ئەم دڵە پڕە لەنهێنی , خۆلەوانەشە گەر شەوانێك لەسەر شەقامەكان برینی خۆم وەرگێڕمە سەر زمانی هاوڕێیەكم كۆڵێك پێكەنین بیگرێت .**

**جا حەقی خۆیەتی چ باكی بەو ئێشەیە كەلەمندا هەیەو بریسكەیەكی ناگاتە لای ئەو من لەو كوڕانەم هیچ ئارەزویەكم نیە جگەلە بێدەنگی .**

ئەوەی دەیشیلێم قسە گەلێکە دەبوایە خەڵکی تر بیلێ کەچی ئەوان ئەوەندە قانیعن بەم ئیسرافەی ژیان ناچار دەبێت لەبری ئەوان قسەبکەین و بیر بکەینەوە .پێمخۆشە ئەوەی خۆشم دەوێت تۆسقاڵێك بیری لێبکەمەوەلەپێناو ئەوەی خۆم وون نەبم .

یەسنای ئازیز , تۆ کارێکی زۆر باش دەکەی نەنامەم بۆدەنێری و نەئەحواڵم دەپرسی و نەباکیشت بەبینینم هەیە , هەوڵبدە زۆر زیاتر دوربکەویتەوە لێم باناچار نەبم سوکایەتیت پێبکەم . ئەم تایبەت مەندیەشم پشکی زۆری بەرتۆ کەوتوە , تۆهەرچیبیت بۆدەردی من حەکیمیت و بۆ ژیانیشم سوکایەتیت .

دوای تۆ خۆشبەختانە زۆر دەخوێنمەوە , کتێبەکان گەربزانین چۆن هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکەین باشترین هاوڕێمانن , دەتوانن پڕمانکەن لەفێڵ , لەگەمەکردن , هەندێ جاریش عاقڵمان دەکەن , بەس بەقەت شێتەکان نا .

پیاوێك هەیە لەو ڕۆژ ئاوایە ڕۆمانێکی نووسیوە بەناوی کیمیا گەر , بەر لەنووسنی ئەم نامەیە خەریکبو لەگەڵی دەژیام ,لێشم مەگرە گەر قورسایەکی زۆری تەنیایی کەوتبێتەسەر شانم ,ئیدی ئەم ڕۆمانە زۆر سەرنج ڕاکێشە .

بەچەند وێنەیەکی کەم کۆدیتایەك لەخەیاڵتدا دروست دەکات ,هەرکاتێك ویستت شتێك لەبارەی ڕۆح و سەفەری بیابانەوە بزانی خراپ نیە لای کتێب فرۆشێك ئەم ڕۆمانە بخەیتە ناو جانتاکەتوە .

ئازیزم ..... پێدەچێت هیچ شتێك تۆ نەجوڵێنێت , وەك منداڵە مرقنەکان مرقت گرتوەو ناتەوێت تەکانێك بە ژیانت بدەی , ئەمە جێگەی مەترسیە تووشی ئەو پەتایە بویت کەناتەوێ نەجواب بدەیتەوەو نەقسەیەك بکەی بۆ دۆستەکانت باش بێت .

بەو لامەبالاتیەشەوە بتبینم هەر دەت بەخشم , هەرچەندە بەم نەزانیەی خۆشمەوە نەگەیشتومەتە بەخشین , بەلاّم دەتوانم بەسوشدەیەکی پیرۆز زۆرشت لەبیر تۆببەمەوە ,

خوات لەگەلّ یەسنای ئازیز , هیوادارم جیتر نەتان بینمەوە بازۆر عەزیەت نەکیّشم .

دەمەویّت لەناو خۆمدا بۆت بگەڕیّم نەك لەناو کۆلاّن و شەقامەکانی شاردا ,ئەوەی من بیری لیّدەکەمەوە تەنها لەگیانمدایە کەتۆی .

2005\ 12\ 1

خانمی کوشندەی ژیانی من یەسنا خان

سەلام ...

ڕەنگە ئیدی پاش دوورکەوتنەوەیەکی زۆرو لەبیرکردنی ماهیەتی من لەژیانتا ئیّستە خۆشبەخت بیت, بەلاّم دەبیّت ئەوە چاك بزانی من تائیّستەش باشترین داوەری سلوکەکانی تۆم , تۆش لەو کچانەی دەتوانی ئازاری باش بگەیێنیەتە من .

**شیعری یەکەمم کەبەناوی ( یەسنا ) وە نووسی , هەڵبەت بۆ تۆ بوو , بەس لەناچاری لەبری ناوی تۆ ئەو ناوەم بەشایەنتر زانی بەکاری بهێنم , ناکرێت لەناو کۆمەڵگەیەکدا بژیت لەبەر ووشەیەك ئینسان بکوژرێت جورئەتی ئەوە بکەیت ئەوەی دەینووسیت بۆکەسێك وابەو شەفافیەبێت کەدڵت دەیەوێت .**

**هەندێ جار لەپێناوی مانەوەی خۆمان لەم دنیایەدا دەبێت بیرلەوەبکەینەوە درۆیەکی جوان ڕێك خەین .**

**جارێکی تر خەریکی پارچە شیعرێکی ترم بەناونیشانی ( کچێك لەقوڵایی دەریاکانا مرواری ئەچنێت ) ئەمەش بەشێکی تری ئەو ئیحساسەیە کەهەمەبۆهاودەمەکانم , پێم خۆش بوو ڕۆژێك لەبری ئیحساس بیرکردنەوە بەکار بهێنم بۆ ژنەکان , بەس پێدەچێت لەفەرهەنگی ئێوەدا بیرکردنەوە هێندە جێگەی سەرسوڕمان نەبێت بۆیە دەبێ تەنها کار لەئیحساسا بکەین تاپەی بەناوەوەتان ببەین .**

**ئەزانم ئەم شتانەی منو ئەم هەموو شێتیەی من لای تۆ هیچ مەعنای نیە , بەڵام حەقیقەتێك هەیە کەمن نەمتوانی بەشێك لە گەنجیەتیم لەبیر بکەم بۆیە هەستام بەنووسینەوەی تا نەتوانم لەسێبەری تۆ دوربکەومەوە.**

**ئێستە گرینگیشنیە بەلامەوە تۆ چۆن سەیری من دەکەی , بەڕاستی پێم خۆشبو ڕێگەت نەدام بێمە دانیشگا ,چونکە گەیشتومەتە ئەو باوەڕەی ئەوەی بیەوێت عەقڵی لەدەس بدات بابچێتە بەردەم مامۆستاکان .**

**کێشەی مامۆستایان خۆشگوزەرانیە نەك نائومێدی لەبوون , بەنائومێدیەوە مەچۆبۆلایان بادەس نەکەن بەگریان , ئێوارەیەك وەك هەژارێك نان بخۆن بەیانی هێرشی ئارەزویان دەیانکات بەجادوباز .**

**ئەوەندە ڕازین لەژیان بەردەمی خۆیان نابینن , باخەڵیژنەکان بۆمامۆستایان ئەوپەڕی قوڵیە.**

**کاتێ لەگەڵیان دادەنیشی باسی بێشەلاًن مەکە ئەوانە پیاوی بێشەلاًن نین . بیرت نەچێت لەنێوان قوتابیانو مامۆستایاندا مەودایەك هەیە ئەویش بەدحاڵی بوونە .**

یەسنای ئازیز , بۆئەوەی نەبیتە مامۆستا سەیری گەورەیی ژەنەڕاڵەكان بكە , هیچ جەنگاوەرێك پێویستی بەمامۆستا نیە تەنها ئەوانەیان نەبێت لەمردن دەترسن , گەر دەتەوێت بژیت دوای كۆیلەیەتی لەبار ترین ئیش مامۆستایەتیە ,هەرچۆن لەمردن دەترسن ئاواش لەناوی فەیلەسوفەكان دەترسن .

دەزانی بێدەنگی پەتایەكە مامۆستاكان بنەماكەین , (( نەخێری )) پیرۆز لای ئەوان شورەیەكە نابێت بەكاری بهێنیت , هەموو هەوڵیان ئەوەیە قوتابیەكانیان وەك خۆیانلێبكەن خۆشیان كەنەفت بوون لەنەفامیدا ,شتێك كفێرت دەكەن ئەوەیە كە فێرت دەكەن هیچ نەزانیت , تا دار حەیزەرانەكانیان بەدەستەوە نەبێت بۆ ئازاردانی منداڵان نازانن بونەتەپەروەردەكار , ناتوانن ووشەیەكت پێ بناسێنن گەر وەك زیندانیەك ئازارت نەدەن . بەڵام دەبێت ڕێزیان لێبگریت چونكە پەروەردەكارن .

بەهەر حاڵ, من حالیەن قوتابی ماڵەكەیخۆمم , كۆرسی یەكەمم لەسەر ناساندنی تۆیە بەگیانم , بۆیە ئەم نامانەش بەردەوام دەنووسم , پێم باشە دوای وونبونم بەشێك لەژیانم نویێ بێتەوە , ئەویش ئەو بەشەیە كەپڕە لەئازار .

من دڵخۆشم بەهۆی نووسینەوە ئازارەكانم كەم بكەمەوە ,بەڵام تۆهەرچیەك بیت , ئەگەر سەرتاپایئەم هەسارەیەشیان كردبێتە موڵكت مادام نەت توانی ئەڤینێكی ڕاستەقینە بكەیت فێڵت لەژیانی خۆت كرد .

ئا بیرم كەوتەوە , یەسنای بەڕێز , دوای ئەم هەموو كەسەریەی ژیانم كوپی قاوەكەت ,ئەوەی بەدیاری بۆت هێنامو لەسەری نووسرابو خۆشم دەوێیت , تاكو ئێستە وەك توحفەیەكی ژیانی ڕاستەقینەم بۆم ماوەتەوە .

هەموو ڕۆژێ تەماشای دەكەم وەك ئەوەی تەماشای دیدەی تۆبكەم , ئایچەند ئارەزوی بینینت دەكەم , من نازانم بڵێیت لەم هەسارەیەمابیت ؟!

یەسنای ئازیز , هیوای ژیانێكی ئارامو دوور لەدڵ تەنگیت بۆ دەخوازم .

لەبیری نەكەی كوڕێك لەتەنهایی خۆیدا هەست بەبونی تۆدەكات .

2006 \ 1 \ 22

**بەڕێز پایەدارم یەسناخان**

**بەرلەوەی بیر لەژیان بکەیتەو بیر لەمردن بکەرەوە .**

**لەوانەیە پێم خۆشبێت ببمە پاسەوانێکی شەوانی کۆڵانەکانی شار بۆئەوەی هەست بەداخستنی چاوەکانی تۆبکەم , ئەرێ بەڕاست بەنیاز نیت وەك شێتێك بمەخەیتە سەر شەقامەکان ؟!**

**لام پەسەندە بکرێمە باخەوانی گوڵی حەوشەکەتان بۆئەوەی ببمە خودا , تۆدەبینی دەبێت ئینسان لێبوردەبێت تاعەزیەتی ژیان نەدات , باشترێکە هەمیشە بەرلەوەی بیر لەبوونی خۆت بکەیتەوە بیر لەخودا بکەرەوە .**

**نەکەیت خۆت بخەڵەتێنیو بکەویتە ژێر کاریگەری مەلاکانو کەشیشەکانەوە , ئەوانە بازرگانانی حەشیشەن , زمانیان لێبستێنەوە دەبنە خادمی میرێك , هەڕەشەیان لێبکە ئاینەکەیان بەجێ دەهێڵنو دەبنە بازرگان , گوێیان بۆبگرە فریوت دەدەن .**

**ماڵی خانمێکی قەشەنگیان پیشان بدە دوعای سەرفرازیت بۆدەکەن , لەهەر ماڵێك خوانێکی باش هەبێت حەزیان لەمیوانداری ئەو ماڵەیە , خۆشترین چێژ لای ئەمانە ئەوکاتەیە بڕە پارەیەك دەخەیتە ناو دەستیان , کۆبونەوەکانیان بۆدور خستنەوەی خەڵکە لەئیمانی ڕاستەقینە , هەرگیز واعیزێکی زۆر بلێ ناتوانێ ماڵەکەی خۆی بەباشی بناسێ ئیدی چۆن تۆدەچیتە ژێر عاباکەیو چاوەڕێدەکەیت خودات پێبناسێنێ ,**

**ئازیز یەسنا , خودا ماڵی ناوێت خودا ڕۆحی دەوێت , سەر زەمین تنۆکێکە لەحیکەمتی خودا , واعیزەکان مزگەوتەکانیان کردوەتە شوێنی ژیانی خۆیان ئەمەیە کارەساتی نەمانی ئیمان , ئیمان جەوهەرێکە لەناو مرۆڤدا خۆ ئەگەر جەستەش فەرامۆشکەین مادام گیان هەیە , بیرکردنەوەهەیە .**

**بۆدۆزینەوەی جەوهەرەکان کەواتە بوونی ئیمان داکۆکی لێناکرێت , شتێکیش بویە جەوهەر نکۆڵی لەبوونی ناکرێت , کاتێك هەستەکانمان پێمان دەڵێن بینین شتێکە**

لەبوونی ئێمە ڕۆحیش پێمان دەڵێت ئیمان بەشێکە لەبوونی ئێمە , بۆ نکوڵیلێکردن لێی نکوڵیکردنە لەبوونی خۆمان , ئەم زانینەش بۆ بوونی خودا کامڵکدرنی جەوهەرەکەیە ,دەبێت ئێمەش هێندە سەر سەخت نەبین بوونێك ڕەد کەینەوە کەبەشێکی خزاوەتە ناو گیانی خۆمانەوە , ئەو گیانە کەشتەکانمان پێدەناسێنێت , کاری ئێمە بەپیرۆز کردنی ئەو گیانەیە نەك شوێنەکانی دەرەوەی ڕۆح .باخۆمان خۆش بوێت , دنیامان خۆشبوێت تابزانین لەچ ئاسودەیەکدا دەژین ,

دەزانی پیرۆزی ئینسان ئەوەیە سەرزەمینی خۆش بوێت نەك شوێنێك بۆخۆی پیرۆوی کردبێت , کاتێك ڕۆح نەما ناچار ئینسانە گێلەکان بۆ پاك بونەوە ڕودەکەنە شوێنە پیرۆزەکانیان .

من گەمەم بەو مەخلوقانەدەێت بەدەوری ماڵێکدا دەسوڕێنەوە تاپەیمانە لەگەڵ خوداکەی خۆیان نوێ بکەنەوە , باشترە ئەو ڕێگە دورە نەبڕن و کەمێك بگەڕێنەوە ناو خۆیان پەیمان نوێکردنەوە لەگەڵ خودا لەناو خۆیاندایە نەك لەناو ماڵێکی دورە دەستدا .

ئەوەی پیرۆز بێت لای خودا بیرکردنەوەیە لێی نەك سوژدە بردن بۆی , سوژدە بردن کاری کۆیلەکانە خودا ئینسانی جوامێری دەوێت کەسەربەرزە لەبڕیارەکانی نەك ڕەعیەت , سەیریانکە کاتێك دەچن بۆمزگەوتەکان دەچن بۆئەوەی ئەرکێك لەکۆڵ خۆیان بکەنەوە نەك بۆ نزیك بونەوە لەخودا .هەر کۆمەڵگەیەك مزگەوت و شوێنی پیرۆزی زۆربێت کۆمەڵگەیەکی بێ ئەرکە .

ئەوانە ناچن تاخودا لەخۆیان نزیك بکەنەوە دەچن بپارێنەوە خودا لەعەیبەکانیان خۆشبێت وەکو کۆیلەکان چۆن لەخاوەنەکانی خۆیان دەپاڕێنەوە .گەر لەڕێگای شوێنە پیرۆزەکانیان لێیان بپرسی خودا لەکوێیە بێئاگایانە سەر بەرز دەکەنەوە بۆئاسمان چونکە ڕۆحەی خۆیان دەناسن دەزانن چەند خاڵیە لەگەورەیی .

پێیان وایە قیبلەیان هەڵە کردبێت خودا دڵگران دەبێت , نازانن دڵگرانی خودا لەوێدایە کە ناڕاستیەکان دەبێنێت لەکاتی سوشدەبردنا بۆی , هەر ڕۆژێك لەمزگەوتەکاندا کۆبونەوە بزانە ئەو ڕۆژە زۆرترین حیلەیان لەگەڵ منداڵەکانی خۆیاندا کردوە .

ئای چەندە ئەو ئینسانانەم خۆشدەوێت بەبێدەنگی بێئەوەی ڕێگەی مزگەوتەکان بزانن لەماڵەکانی خۆیاندا ستایشی خودا ئەکەن .

ئازیزم یەسنا , هەنێد لەو واعیزانە هێندە پیسو پۆخڵن لەکاتی سوشدەبردنا بیان بینە لەرز دەتگرێت . ژنێکی جوانی جادوباز سەد سوشدەبەر فریو دەدات . ئەمەیە بەدە بەختی کەنابێت تۆلەوانە بچیت , لێگەڕێ با بیرکردنەوەت لە بوونی پەروەردگار نزیکت بکاتەوە نەك زمانە فریودەرەکەی واعیزەکانی مزگەوت .

ئەزانم بومەتە عەزیەت بۆت , بەلاَم هەمووی لەخۆشەویستیمەوەیە , ئێستەش لەجاران زیاتر ئارەزوت دەکەم , تۆ بزانە چەند شێتم بەو هەموو ڕەقیەی خۆتەوە خۆشم ئەوێیت , دەزانی کەسێکی سەرگەردانم ؟! وەڵێ گرنگ نیە , گرنگ ئەوەیە ڕاستگۆم لەگەڵ زمانی خۆمدا .

هەرچەند تۆ خەمی منت نیە , بەلاَم من خەمی تۆمە .

باکەس نەزانێت زۆرم خۆش دەوێیت .

2006 \ 1 \ 29

**ئازیزی خۆشەویستم یەسنای بەڕێز**

**ئێستا دەمەوێت گۆرانی بڵیم , گۆرانی ووتن هەستکردنە بەتەنیایی .**

**پێم باشە لەتەنیشت حەزرەتی مەسیحەوە هەڵمواسن تا بزانم ئازاری هەڵواسین سەختە یان دووری ئەو کەسەی ئومێدی ژیانم بوو, بەردەوام هەست بەئازارێك دەکەم لەگیانمەوە دێت ڕەنگە جێ قسەیەکی تۆبێ. بۆمن زۆر قورسە ئەو هەموو تەنیایە کەتوەتەسەرشانم , کەلێنێك لەژیانمایە بەهیچ شتێك پڕنابێتەوە ,ئەو شتانەیش کە بۆ تۆیان دەنووسمو تۆ نایان بینی , یاخود گەر بشیان بینی جێگەی سەرنجت نین هێندەی تر عەزیەتم ئەدەن .**

**پێم خۆشە لێرەدا بۆیەکەم جار وەك ژنێك قسەت بۆبکەم , هەڵبەتە دەبێت ئەو حەقەشم بدەی کە لەڕوی فسیۆلۆژیەوە تۆ لە جنسی ژنیو منیش لەپیاوان , دیارە نامەوێت وەك پیاوێك قسەبکەم .**

**وەڵێ پێم باشە مادام کەسێکم لەم سەرزەمینەوە بوونم هەیە هەندێ دیاردە دەبینم دەشمەوێت تۆش لەوبارەیەوە شتێك بزانی .**

**ئازیزم , نەکەیت هەرگیز لەو ژنانە نزیك بیتەوە باسی فیمینیزم دەکەن , ئەمە درۆیەکی گەورەیەوە بێحورمەتی کردنە بەئەسڵی ئێوە , دڵنیابە فیمینیستەکان ئەوانەن تەنها غەریزە لەگەڵ پیاوانا کۆیان دەکاتەوە .**

**ئەوانە ئازاراویترین مەخلوقی ئەم سەرزەمینەن ,پێویستە وەك مەیمون بیان خەیتە ناو قەفەزەوە تانەبنە فیمینیست , هەرچەند خۆیان بەئازادو گەورە پیشان دەدەن کەتاریك داهات دەبنەوە بەژن , ژیان لای ئەوان تاریکیو ڕوناکیە ,**

**تا داوای میهرەبانیان لێنەکەی نایبەخشن وەك کۆیلەکان تا ئازاریان نەدەی دەنگیان بەرز ناکەنەوە , زۆر قایلن بە سەر سنگی خۆیان ,لەگەڵ عادەتی سەردەما ڕێدەکەنو خۆیان وونکردوە , هەمیشە لەدوای سێبەری پیاوەوە هەنگاو دەنێن .**

چونکه خۆیان سێبەریان نیه ,بۆیه دەبنه فیمینیست , هەرچەند بتەوێت گەورەیان بکەی کەچی ئەوان عوقدەی پیاویان تووش بوه , نەچی بۆلایان تۆ مەزنیت بائەوان بێن بۆلای تۆ تابزانن تامی ڕەسەنیەتی چیەیه , ئەوەنده کاڵن بەرگەی ئازارێك ناگرن بۆیه گلەیی لەپیاوەکان دەکەن کەمافیان نادەنێ.

پێویسته تۆ میهرەبان بیت پیاو ژنی میهرەبانی دەوێت , چەند خۆت بکەی بەقوربانی ژنێکی دەم ڕوت ئەوەنده هەڵەت کردوه لەژیاندا .

ئا بیرت نەچێت ستایشی ئەو هاو جنسانەت بکه گلەیان لەژیان هەیه چونکه پێویستیان بەستایشه .

لەنێوان پیاوەکان‌و ژنەکاندا لەزەتێك هەیه دەبێت پیاوەکان بیدەن بەژنەکان بۆئەوەی هەست بەبونی خۆیان بکەن .

چاك بزانه لەنێوان فیمینیزمو سۆزانیەتدا یەك تاڵەموو ماوە هیوادارم ئەو تاڵه مووە پیاوەکان نەیپچڕێنن لێگەڕێن باژنەکان خۆیان بیپچڕێنن , خۆشبەختی ژنی بێ ڕۆح ئەوەیه لەباوەشی پیاودابێت , خۆشبەختی پیاوی جوامێریش ئەوەیه لەناو ڕۆحی ژندا بێت .

وەیل بۆ ئەو ماڵەی ژنێکی فیمینیست دەیبا بەڕێوە دەبێت پیاوەکەی چەند لەباربێت بۆکۆیلایەتی , تەنها ئەوانەیان منیان خۆشدەوێت میهرەبانیەکی گەورەیان تێدایه . واته دایکەکان . تۆش یەکێکی لەو دایکانەی بەمیهرەبانی گەنجیتەوە ژیانت ڕەنگ کردوه .

نابێت پیاو لەژن توڕەبێت , پیاو دەبێت لەلەشکرێك توڕەبێت نەك له ژنێك , ئەگەر هەوڵدا له میهرەبانی خۆت کەم کەیتەوەو ببیته ژنێکی دەمڕوتی ئەم چەرخه هەوڵبدە پیاوێکت خۆشبوێت بێدەنگ بێت , پیاو سەگێکی هار لەتەویلەکەیدا بێت لەژنێکی فزوڵی ناو ماڵەکەی باشتره .

ئەوان غروریان لەسەر سنگیاندایه نەك لەعەقڵیان ,پیاوی‌بەهێز لەگەڵ ڕۆحی بەهێزو میهرەباندا دەژی نەك ڕۆحی لاواز , ئەو دیاردە گەرایەی ژنان تێیکەوتوون جگه لەسەر گەردانی بۆخۆیان بەرهەمێکی تری تێدانیه .

من نامەوێت تۆش لەوان بچیت , تۆ دەبێت لە خۆت بچیت نەك زمانی درێژی ژنەكانی سەر ڕوپەڕی ڕۆژنامەكان , كەئەوەی دەیلێن نەبۆخۆیان قبوڵیانەوە نەبۆ كچەكانیان .

دامەنیشە بەدیار حیكایەتەكانەوە تۆخۆت حیكایەتی یەسنا , خۆ كوشتن بۆتۆ حەكیمانەتر لە گوێ گرتن لەژنێكی فیمینیست .

هەر ژنێك بەڕەچەڵەك نەچویەوە سەر میهرەبانی و جوامێری پیاو لەتایفەی قەلەمونەكانە هەرخەریكی دەنگە دەنگە .

تۆ دەبێت بەشوێن ئەركی خۆتا بگەڕێیت نەك ماف , پیاو چیە داوای مافی لێدەكەی , ئەركی خۆت وەك ئینسانێك بەجێ بهێنە ئیدی پێویستت بەماف نیە تا بەمسقاڵ بتدەنێ .

دەبێت بەقەت كچ بوونی خۆت ناسك بیت , لەو شوێنەی ناسك بوونێكت لەخۆتا شك برد بزانە كەخۆشبەختانە سەربەرزیەكت لەژیانی گەورە بەدەس هێناوە .

سەیرە قەسكانم زۆر توندن بەرامبەر بەژنەكان . وەلێ تۆبۆمن دۆستێكی ئەفلاتونیانەی نەك ژنێكی شەوانی بێ ئۆقرەیی .

هەرئەمەشە گەورەی تۆ خانمی پایە بەرز .دڵنیابە بێ تۆ هەست بەتەنیای دەكەم ,هەندێك جار دەگەمە ئەو ئاستەی لەخودا بچم .هەمیشە چاوەڕێم بەیانیەك بێیت وەكو جاران دەرگات لێبكەمەوە ,

بەلأم دەزانم تۆ قەت نایەیت !!

ئەم شارە نەعلەتیەش ئەوەندە گەورەیە هەرگیز ڕێك ناكەوێ لەدورەوە بت بینم بۆئەوەی كەمێك ئاسودەبم , ئێستە وەك عادەتی هەمیشەیم پڕم لەبێدەنگی , لەیەكێك لە ئەپارتمانەكانی شارماڵێكی بچكۆلەی دوور لەتۆم بۆخۆم ڕێك خستوە , خۆم چا لێدەنێم و هەرخۆشم كارەكانی تری ناو ماڵم دەكەم , برینێكیش لەسەر دڵمە ئازارم دەدات , هەرخەریكی ڕەشكردنەوەی كاغەزەكانم بۆتۆ!!

ئەتوانم بپرسم كەئایا تۆ ئاسودەی ؟!!

گویٚ مەدەریٚ ژیان هەر بەم چەشنەیە , دەبیٚ هەندیٚکمان بدۆڕیٚین بۆئەوەی ئەوانی ترمان خۆش بژین ,ئیٚستە خۆزگە دەخوازم بۆ ئەو کاتانەی کەس نەیدەناسیم ,بەلاٚم چیبکەم هەلٚەیەکم کرد خۆم دەرخست , چارەسەریشی نیە چونکە تیٚپەڕی .
ئیٚستا بۆئەوەی تیٚبگەی من چەندە بیٚ زیانم دەمەویٚت وەك گولٚ بتپاریٚزم . خەریکە بیرم چوەتەوە ڕوخسارت چۆنە .
بەلاٚم تارماییەك لەپیٚش چاومە زۆر جوان ئەنویٚنیٚت , قسەکانی ئاخر جارت وەك گوللە باران کردنم وابون کەچی ئیٚستە ئەوەندە قسەلەدلٚمایە بەشیتەمەنی حەزرەتی نوحیش ,
بچۆرە بەردەم ئاویٚنەکەت کەمیٚك پرچت شانەکە , هەموو ژیانی من هیٚندەی تالٚیٚك لەپرچت حیکمەتی تیانیە . من تەماشای ئاویٚنە ناکەم دەزانم پیری بەڕوخسارمەوە نیشتوە . دلٚیشم ئەوەندە تەنگەبۆت تەنها جورئەتی وەستانی نیە .
خوات لەگەلٚ یەسنای ئازیز .

2006\ 2\ 2

**یەسنای ئازیز**

**من لێرەم لەدۆزەخدا**

**بمبوورە لەم ماوەیەدا لەحاڵێکی زۆر خرابدا دەژیام چونکە زۆربەی کاتەکانم ئومێدەواربون . ڕاستیەکەی ژیانم سیخناخ بوبو لەڕازی بون , ئەمەش بیرکردنەوەیەکی گێلانەیە لەناو برینی ئەم هەموو خەڵکەدا ئومێدەواربیت .**

**کەسێك هەست بکات ڕۆحێك لەناو بوونی خۆیدا شك دەبا باوەڕناکەم پەی بە ئومێدەواری ببات .**

**وەك نیتشە دەڵێت ( ئومێدەواری خرابترینی خراپەکانە ) ئەوانەش کەڕۆحیان نیە بەردەوام باسی ئەندامی نێرینەی خۆیان دەکەن . شەرمەزارانە خۆشیان بە بیرکەرەوە دەزانن .**

**ئەمە دەیلێم بۆت ڕۆحی خۆمە , شتگەلێکن لەبیرکردنەوەمدان و دەمەوێت بیان گوازمەوە بۆداهاتوی تۆ , دیارە گیانی پیرۆزیش لەداهاتودا دەر دەکەوێت , پێم باشە لەئێستادا قسەبکەم تاکو لەداهاتودا ئازاری ئازارەکان کەم بکەمەوە .**

**نامەوێت دوای خۆم نەوەیەك بەجێ بهێڵم بەبێ ئەوەی نەگەیشتبمە ئەو ئاستەی ئافراندنێکم کردبێت لەناو خۆمدا و لەناو زمانی نەزانەکانەوە ناوی خۆمم بیستبێت . دەبێ تۆش ئاوابیت تا خودا نەدۆزیتەوە ڕێگەبەخۆت نەدەیت نەوەیەك بخەیتە ناو قەرەباڵغی ژیانەوە .**

**سەر وەختێك نەمدەزانی پارچەکانی خۆم کۆکەمەوە گوێرایەڵیم هەڵبژارد ,ئێستە بومەتە گوێرایەڵێکی باش تا جارێکی تر پارچەکانی خۆم فڕێدەمەوە .بوونی من لەم سەرزەمینە دەبێت خۆك بیدۆزمەوە .**

گوێڕایەڵی لە دۆزینەوەی بوونی خۆم ڕێگاکانم لێوندەکات , ئێمە دەتوانین هەموو کاتێك گوێڕایەڵبین .

بەلاّم ناتوانین بەگوێڕایەڵی قوڵی بوونی خۆمان دەسنیشان کەین
مۆڤ بۆئەوەی خودا بناسیٚ دەبێت ئەوەندە دانای تێدابێت خۆی بناسێنیٚ ,لەدەرەوەی بوونی ئێمە خودایەك نیە .
ئەوە ئێمەین بوونی ئەو دەخەینە ڕوو . هەرئەمەشە سەرەتای خرۆشانی بوونی خودا کەپەیوەستە بە بوونی خۆمانەوە .کاتێك دەتوانین گویٚ لەئاوازێك بگرین هەست بە تەنیایی بکەین ,بەبیٚ هەست کردنی تەنیایی ووتنی گۆرانیش وەك بەربونەوەی بەردێکە لە لێرەوارێك بۆناو گۆماوێکی لێڵی نادیار .
ئەو گۆرانیانەی ئازاریان هەڵنەگرتبێت بۆ مەیمونەکان وتراوە نەك مرۆڤەکان , گۆرانی خۆی ئازارە .
ئازیزم یەسنا , من  خۆم دەناسمو دەزانم گومڕام , هەرئەمەشە وادەکات من زیاتر ئاشنایەتیم لەگەڵ خۆمو خودای خۆمدا هەبێت , کەئەویش خۆشەویستسمە بۆیو بەشێکیم لەو وەرگرتوەتەوەو بەخشیومە بەتۆ وەك مەخلوقێکی ئەو . کەچی تۆ من ناناسیت , هەرچۆن ناتەوێت خۆت بناسی .
کاری مرۆڤانە ئەوەیە مرۆڤەکان بناسین , کاری ئیماندارانیش ئەوەیە خۆیان بناسن ناکرێت تۆ خۆت نەناسیو بتەوێت خودا بەمنداڵەکانتی بناسی . ناکرێت تۆ دۆستەکەت نەناسیو بتەوێت باسی ماهیەتی ژیان بکەیت بۆ هاوڕێکانت . ئەمەی دەیڵێم بۆتۆیە لای من ئەم شتانە ڕون بونەتەوەو کۆتایان پێهاتوە .
هیوادارم بەشوێن خۆتدا بگەڕێیتو سەۆقاڵ نەبیت بەناسینی کەسی ترەوە بائەوەی پێویستی بەتۆهەیە بەهەردوو دەستی لەدەرگاکەت بدات تا تۆش لێی بکەیتەوە .

کەمێك بەدڵتەنگیەوە  بیرت دەکەم

**دۆستی خۆت ,,,,,,,,,**

2006 \ 3 \ 6

**خانمی شکۆمەند یەسنا خان .**

**سەلامی پیاوە گەورەکانت لێبێت .**

**واتێگەیشتبوی بەو ئاسانیە تەمەن لای من کۆتایدێت . بەڕێزم نەم ویست وەك تۆ بکەم , پێم سەیربو دایکێك بەهەموو میهرەبانی خۆیەوە بویە سەبەبی نێوان دوو بەد بەخت , ئایا وابو یان گەمەیەك بوو خۆت دەورە پاڵەوانەکەت دەبینی ,**
**دەزانی گەر هەموو دایکەکان میهرەبان بن دایکی تۆ لەدەرەوەی ئەم میهرەبانیەیە , ئەو نەیدەزانی منداڵەکەی دەبێتە چ ئەفسانەیەکی ناو کتێبەکان , نەیدەزانی حیکایەتی کچە شیرینەکەی دەبێتە حیکایەتی گەنجەکانی نیشتیمان , دەبوایە زوتر ڕاستیەکانم پیٚ بڵێیت تامنیش زوتر خۆم ئامادەکەم بۆ ئەو حەقیقەتە تاڵە .**
**وابزانم هێندەش بەدبەخت نە بووم کەتۆ دەت بینی , ڕاستیەکەی کەسی بەدبەخت ئەوەیە عەقڵی لاواز بێت , بەس پێدەچێت لای تۆ وانەبێت , دەبێت ئەوەبزانی کە هەرگیز لاوازنەبووم ئەمەش سوپاس گوزاریە بۆخودا . وەلیٚ تەنها لاوازیەك لەخۆمدا شك ببەم ئەوەیە گیرۆدەی تۆبوم .**
**ئازیزم , دەزانم لێرەدا زۆر بەتوندی قسەدەکەم , بەس چیبکەم باسکردنی تەمەنێك لە بیٚ عەهدی وەفا کەمێك گرانە . قەت نەبوە لەخۆمەوە هەستم لەم جۆرە نامانە بۆکەسێك بنووسم , بەڵام دیارە کاریگەری تۆ لە ژیانی منا ئەوەندە قورسە تواناى بێدەنگیم نیە .**

تۆ بڵێیت وەکو جاران بێدەنگ و لەسەر خۆبیت یان گۆڕاویت ؟! دەترسم حەوشەی دانیشگا ئەو هەموو جوانیەی لێسەندبیتەوەو وەکو هەندێك لە هاو تەمەنەکانت بیر لەشتی بازاری بکەیتەوە , تۆ ئێستە چەند فەرامۆشت کردوم بەلامەوە گرنگ نیە , قەرارم داوە زاهیدانە خۆشم بوێیت .

وەك حەزەرتی مەحوی دەڵێ ( پێ بزانی یانەزانی من بەدڵ یادێك دەکەم )

لەوانەیە ئەم جۆرە کارانەی من لای تۆ جێگەی گاڵتە کردن بن ,یان حەزیکەی بێحورمەتی بەو تێگەیشتنەی منەوە بکەیت , یان وا تەماشابکەیت کەسێکی سەرگەردان بم , بەلاَم بۆمن یەك شت زۆر گرنگە ئەویش ئەوەیە زۆر بەڕاستی خۆشم ئەوێیت , ئەمەش دانپیانانێکی جوانە .

2006\ 3\13

**تۆ ئەی ماسیزای  من یەسنای بەڕێز**

**(( زەمانێك منت ناسی ئیتر بۆت کێشە نەبو کەبمدۆزیتەوە ,هاوکات لەدەس دانی من کێشەیە بۆت "))**

**نیچەی مەزن .**

**تائەم حاڵەتەش کوپەکەت هەرماوە , تەمەنا دەکەم پاش مردنم شتێکی لێنەیەت , ڕەنگە هیچ شتێکی من لای تۆنەبێت , چونکە تۆ نەدەویست ڕێزی شتەکان بگرێت . ئاشنا بوم بەزۆربەی کۆڵانەکانی شار , کە دەیانبینم سەرم سوڕ دەمێنێ بۆچی سەرەتا هێندە بەجورئەت بویت لەگەڵم و پاشان بەو شێوەیە پشتت لە ژیان کرد.**

**ئایا من ئەوەندە قێزەون بوم ؟ کوڕێك بوم لەجنسی پیاوە زۆڵەکان ؟ هەقی ئەوەم هەبو ئەو هەموو بێمروەتیە بەرامبەرم بکرێت ؟!**

**ئێستە بێزارنیت لەو هەموو ڕەقیەی بەرانبەرم نوادندت ؟!**

**بێباکیت ؟!**

**بەس بزانە بەرانبەر بەچ ئینسانێك بێباكیت نواند ؟! دیارە شایەنی ئەوەبوم كەكردت؟**

**بەهەر حاڵ ....... زۆر بێتاقەتیت دەكەم .**

2006 \ 3 \ 18

**یەسنای مەزن**

**خوم گرتوە بەسێبەری خۆمەوە**

**سەلام .....ئەم نامە كورتانەی كەبۆت دەنووسم هەرگیز بۆئەوە نیە ڕۆژێك بە حەزەوە بیانخوێنی تەوەو سەرنجی خۆم بۆتۆ ڕاكێشم , ڕاستیەكەی تەنها بۆئەوە دەیان نووسم لەتەمەنی بەسەر چومدا ئەوكاتەی ڕەنگە منو تۆ قەت نەتوانین پێكەوە دانیشینو یەكتر ببینین بیانكەمە حیكایەتێكی بەجێ ماوی تۆ .**
**ئەمڕۆ ڕۆژی نەورۆزە پێموایە یادێكی كوردانی ئەم سەرزەمینەیە ,شار چۆڵ بوو كەس لێرەنەمابو , وەك حەزرەتی ئیبراهیم بەتەنیا مابومەوە نەك بۆئەوەی بتەكان بشكێنم , بەڵكو بۆئەوەی پەی بەسێبەری ئەو بتەبەرم كە ئارەزوم دەیخوازێت كەتۆی.**
**واڕاهاتووم هەم لە شەڕەكاندا هەم لەخۆشیەكاندا ئەم شارە بەجێ نەهێڵم , بەكورتیەكەی خوم گرتوە بەسێبەری خۆمەوە كەچۆن بەسەر شەقامەكاندا تێدەپەڕێت.ئەمڕۆ چومە نزیك سێبەری دا مێوەكەی ماڵی خۆتان .زۆر نزیك**

كەوتمەوە لەهەناسەی تۆ , تۆلەویٚ نەبویت , بەلاٌم هەستم بەتارمای بوونی تۆدەكرد , لەوانەیە ئەمە تەنها وێنەیەك بێت هی زوو لەزاكیرەمدا مابێتەوە . فنجانی گوڵەكانی بەرهەیوان زۆر لەتۆ دەچن .

لقەكانیان لە نازكی پەنجەیەكت دەچن , تۆ بەردەوام دەبێت ئەوەبزانی حیكایەتێكت لای من ماوە لەهی پێغەمبەرێك دەچێت زۆر جوانە .كاتێك لەسێبەری حەوشەكەتان دوركەوتمەوە باری دەرونیم زۆر گران بوو , گوڵەكانیش سیس بوبون .دڵم بۆیان دەسوتیٚ ,

كێشە ئینسان ئەوەندە بەتوندی باوەش بەخۆشەویستیدا بكات , بەردەوام لەشەوەكاندا مەستم , مانایەك نەماوەتەوە بۆخەوی شەوان ,تەمەنا دەكەم تۆ وەك من نەبیت .

پێم خۆشە خۆشبەخت بیت ....

2006 \ 3 \ 21

**جەنابی جوانی یەسنا خان**

**دەتوانی وەك گوڵی ناو فنجانەكانی حەوشەكەتان بیت**

**ئەوەی ڕاستی بێت هەرگیز شتەجوانەكان‌و شتە ئازاراویەكان لەبیر ناچن ,دەمەوێت پێت بڵێم هەر قەرزێكت لام هەیە پێم خۆشە بیدەمەوە , گەرتواناشم نەبو قەرزەكانت بدەمەوە لێبوردنم لێ قبوڵ بكە .**
**ئەتوانی وەك گوڵی ناو فنجانەكانی حەوشەكەتان بیت ,هەركاتێ داوای گەڵایەكی خۆتم لێكردی تۆ بڵێیت ها ئەوە لقێكم بۆتۆ , ئەگەر واش نیت ڕێگەم بدە با لەژێر سێبەرتا بحەوێمەوە .**
**ئایا تۆ سێبەرت هەیە ؟!**
**من بەردەوام ئارەزوی سێبەرێك دەكەم خاوەنەكەی حەكیم بێت نەك قەساب , ئێستە تۆكامیانی ؟! بیرت نەچێت هاوڕێیەتی كوڕە شێتەكان هەروا كارێكی ئاسان نیە ,**

**تەنها ئەو کچانە بەرگەی ئازاری کوڕە بەئەمەکەکان دەگرن کەمەزنن , وامەکە وەك لاولاوێك تەنها خۆت لەو شتانە بئاڵێنی لێتەوە نزیکن , دەست بۆدەریاکان ببە دەستت دەگاتە قولآی تۆمەزنی ,ئازیزم تۆ گەورەیت .**

**هەوڵبدە خەونەکانت گەورەبن بۆئەوەی ببیتە کەسێکی دانوسقە . ئەگەر تەنها بیر لەکۆلآنەکەتان بکەیتەوە ئەوا کۆلآنەکەتان گۆڕستانێکی خراپ نیە .دەس بۆئەو شتانە ببە لەسەریان نووسراوە ( نەخێر ) بۆئەوەی وون نەبیت .**

**بگەڕێوە سەر ئەسڵی خۆت کەمیهرەبانیە , لەدەرگاکانی ئەوین بدە ژیان تەماشاکردنی تۆیە بەچاوێکی حەزینەوە . ئەوەی بۆخۆت دەتەوێت گەر بۆ هاودەمەکەشت نەتەوێت کینەو تاریکی ژیانت بەخەسار ئەبەن .**

**ئازیزم ...**

**غرور هونەر نیە ,نەعلەتیەکی سەیرە هاتوەتە ناو ئینسانەوە ,دەبێت ئێمە هەمیشە بەشوێن ئەوەدا بگەڕێین کەچۆن ببینە ئینسانێکی لێبوردە ,ئەگەر لەژیانتا چوارجار دەرگات لەغرور کردەوە ئەوەبزانە چوارجار خۆت لەدەس داوە .**

**ئێمە منداڵی خێزان گەلێکین کەسادەین خۆناکرێ بەم نەفامیەی خۆمانەوە غرورمان تاقی بکەینەوە , شتێکی تۆ کەزۆر خۆشم دەویست بێدەنگیت بو . ئیحساسم دەکرد ناتەوێت ژیان بشێوێنی . تۆ جاران وابوی بۆیە پێم وایە تەنها لەجاران هەستم بەقورسایی ژیان دەکرد .**

**شاعیرانە بژی تاهەست بەهەموو شتەکان بکەیت , ئەگەر توانیت ڕۆحێکی شاعیرانەت هەبێت دەتوانی خودا بدۆزیتەوە , لەو شوێنەی کە هەستت بە ناسکیخۆت کردو ئیحساست بای باڵی خۆیدا ئەوە منداڵێك لەناختایەو دەیەوێت پێت بڵێ تۆ جوانی کەواتە دەبێ میهرەبان بیت .**

**تۆ بۆمن هێندەی فروغ گەورەی .**

**ڕۆخساریشت زۆر لەو ئەچێ, بەڵام پڵنگێك لەناختایە دەبێ هەوڵبدەی بیکوژی ئەگینا ڕێڕەوی ژیانت تێکدەدات , خۆشەرت نیە ئەو پڵنگە لەپێناوی مندا بکوژی , لەوانەیە ئەم قسانە لای تۆ جێگەی سەرنج نەبن , تۆبەگاڵتەوە ووتت ماڵ ئاوا من بەڕاستی ئازارم کێشا , پێم خۆشە هێندە ئاسودەبی لەم سەرزەمینە گەلاَکان بەخیلیت پێببەن .**

**دوای ڕۆیشتنی تۆ نامەوێت تەنانەت عەزیەتی حەنانەتی گەلاَیەکیش بدەم , چونکە لەمانای شکان گەیشتم , ئەوکاتە هەست بە حەوانەوە دەکەم دڵنیابم تۆ ئارامی , هەرکاتێکیش هەستت بەدڵتەنگی کرد گوێ لەمۆسیقا بگرە هێمن دەبیتەوە .**

**ئەوانەی زۆر لەگەڵ مۆسیقادا ئەژین یا شێتن بەجوانیەکەی یا پێغەمبەرن بەگەورەییەکەی , دەزانی حەزدەکەم کچێکم هەبێت گوێ لەمۆسیقا بگرێت تا حەیای ژیان بچێ و لە مردن تێبگات .**

**گوێگرتن لەمۆسیقا ئەوەندە پاکت دەکاتەوە شعور دەکەی لە _ ئاو _ ئەچی, گەر ڕێگەم بدەی بڵێم دوای مۆسیقا جوانترین شت لەلام بێدەنگی تۆبوو. ئای کەسەرسام بوم بەو بێدەنگیەت , ماڵ خراپ شتەکانت زوو تێکدا .**

**نەمدەزانی گەورەی یانی چی , جوانی یانی چی , زۆر نەفامانە , یان بڵێم زۆر منالاَنە سەیرم دەکردی , ڕوخسارم ئێستەش پڕە لەبەرائەت بۆت .هێشتا بڕیاریشت نەداوە بگەڕێیتەوە , بەلاَم من هەمیشە چاوەڕێم .**

**ڕەنگە کاتێك منت بێتەوەو خەیاڵ کەمردبم .**

2006\ 3\ 25

**ئازیزم ......یەسنای من**

**لەهەر وشوێنێك بیت من لەوێم , تا حیکایەتەکانت بگێڕمەوە**

**بۆئەوەی نەمرین بەردەوام دەبێت کەسێکمان خۆش بوێت , مەنتیقی من ئەڵێ ئەگەر دەتەوێت دنیا بگۆڕی خۆشەویستی بکە , ئەمانەی کەدەیان خوێنیتەوە هەمووی حیکایەتی تۆن , تۆش ئازیزی لام ,لەپشت هەموو نوسینێکی منەوە پاڵەوانێك وەستاوە ئەو پاڵەوانەش تۆی.**
**ئەو کاتانەی دەنووسم چ بۆ ڕۆژنامەکان چ بۆ گۆڤارەکان چ بۆکتێبێك کەبمەوێ بیخەمە بەردەس خوێنەران تۆ وەك تارماییەك لەخەیاڵمدا دەر ئەکەوی, ئەوەی ڕاستی بێت بویتە هۆمیرۆسیٚ بۆ حیکایەتی نووسیەنەکانم .**

بەد بەختیەکە لەوەیە دوری ناهێڵێت بزانی لە چ ئازارێکا بۆت ئەژیم ,زۆر شت هەیە لەم ولاتەدا جێگەی ئازارە , بەلام هیچ شتێك بارتەقای تۆ عەزیەتی نەدام , هەنگاوەکانتم لەبیرە زۆر نەرم بوون لەهەنگاوی فەیلەسوفێك ئەچون , ئاخر قسەشتم لەبیرە چەن ڕەق بوو لەهی جەنگاوەرێکی دۆڕاو ئەچوو .هیچ هەڵەیەکم نەکردوە لەژیانما هێندەی ئاخر قسەی تۆ عەزابی دابم .

گەورەی هۆمیرۆس ئەوەبوو جارێکی تر دنیای نووسیەوە , حیکمەتی تۆش ئەوەیە ناچارم دەکەی بەردەوام بنووسم , شتێك دوای تۆ کەمێك ئاسودەم کات شەرابە ,خۆشت باش دەزانی شەراب ڕۆحی سروشتەوەو خواردنی پێغەمبەرەکانە .

کاتێك دەس دەبەم بۆ لێوی قاژێك شەراب دڵتەڕیو بەرائەتی سەرەتای ناسینی تۆم بەیاد دێتەوە .وەختێکیش دەینۆشم مەگەر قسەکانی کۆتایت هێندەی ئەو شەرابە تاڵ بن .

بەشێکی زۆری نامەکان بەمەستی دەنووسم . هەندێ لەشەوەکانیش بە کوپەکەی خۆت شەراب ئەخۆمەوە بۆئەوەی دە هێندەی تر عەزیەتم بدات , خۆکوشتنە .

بەرگە ئێرانیەکانت ماون ؟! چەند لەکچە تارانیەکان دەچیت بەو جلانەوە ,

غەریبی چاوەکانت دەکەم , بەردەوام لەیادمدای

2006\ 3\ 30

**یەسنای گەورە**

**پێدەچێت هێندەی قودس گەورەبیت**

**من چیبکەم لەپیرۆزی قودس کەخودا لەوێ نەبێت تا قسەی لەگەڵ بکەم ,پیرۆزیەکان لای ئینسانن,وەلێ کاتێ ئێمە ئەوەشمان دۆڕاندئیتر هیچ مانایەك بۆ وجود نامێنێتەوە .**

پیرۆزی ئەوەیە ئیشی باش بکەین , یەکتریمان خۆش بوێت ,حورمەتی قسەسەنگینەکانی یەکتری بگرین ,چونکە هیچکاممان ناتوانین کۆتای خۆمان دیاری بکەین .

لەگەڵ ئەم هەموو عەزیەتیەی دەیچێژم بۆت ناکاتە ئەوەی هەرگیز تۆ داوای تۆڵەم لێبکەیت .چۆن لەم دنیایە تیا دەچیت کاتێك لەناو دڵمای ,ڕۆژێ دێت هیوا دەخوازی تۆزێ خراپەت بکردایە بۆئەوەی چاکەیەکی مەزنتر بکەیت .

لەڕۆژهەلاّت ئەوەی تەنها دوو کەس لەیەك جیادەکاتەوە شوعلەی ڕوناکیە , وەرە بالەتاریکیا بت بینم , من حاڵی بوم بەردەوام دوا بڕیار بۆ دونیا بوە , بەلاّم خۆت باش دەزانی ڕۆحی هەموو کەسێك تەنها لەخۆی بەرپرسیارە .

مەسیح لەخاچ درا ئینجا خۆشەویست بوو لای خەڵك , خۆناکرێ تۆش من لەخاچ بدەی ئەوسا بیرم لێبکەیتەوە .گەورەیە بۆ ئینسان لەسەر قەناعەتێك هەڵیواسن , من ئامادەیم تیایە ئەو ئازارە ببینم تەنها بۆ ئەوەی بزانم حەقیقەت چەن تاڵە .

لێم تێدەگەی ؟!

پیاوێك ئەڵێ ( باشترین نیوەی ژیان بۆ ئەو پیاوەیە بەگەرمی خۆشەویستی دەکات ) ئەشێ ئەم قسەیە هێندەی دۆزەخ ئازاراوی بێت ,بەلاّم ئەمە خوی پیاوە مەزنەکانە.من نامەوێت بچم بۆ قودس بۆئەوەی هەست بە ئازارەکانی مەسیح بکەم .

بەس پێم خۆشە لەماڵەکەمدا وێنەیەکی مەسیح هەڵواسم چونکە پێدەچێت کتومت لەو بچم , ئازای هەڵواسین هێندەی بێباکیەك قورس نیە .

مەسیح یەکجار ئازاری بینی تامردن بناسێت , ئەی دەبێت گوناهی ئەوانە چیبێت بەدەس برینێکەوە هەمیشە تل دەخۆن.

ئەو برینە دەبینی بەسەر گیانمەوە , ئەوە هی تۆیە ئەی ئەوەی ویستت مەسیح بکوژیو بە خوێنەوە لەم سەرزەمینە فڕێت دا , باشترێکی لەهەموو ژیانت تەنها

**بۆجارێك بیر لە جاك بونەوەی زامێك بكەیتەوە بەتیری خۆت پێكراوە , بائەوەندە ویژدان تۆش بیمار نەكات ,**

**بەهەرحاڵ ................**

**پێنج جار خۆشم ئەوێیت**

2006\ 4\ 2

**دڵی من یەسنا**

**ماچ ...... ماچ ....... چاوەكانت ماچ دەكەم .**

**ڕێگەم بدە باوەك دوو گەنج كەمێك قسە بكەین لەسەر بوونی خۆمان , واتە گەنجیەتی. پێم خۆشە زۆر بە ڕاست گۆیانە بۆچونی خۆمت پێبڵێم لەسەر ژیان واتە گەنجیەتی , چونكە ڕاستیەكەی گەنج بوون ژیانە نەك شتێكی تر ,**

ئەمە بۆئەوانەیە لە هۆمیرۆس دەچن واتە تۆو گەنجەکان , ئازیزم , گومان لەهەمووشتێك بکە تەنانەت لەبونی خۆشت , لەبەرانبەر دەسەڵات دارەکاندا سەرت هێندە بەرز بکەرەوە توانای بینینی ئەژنۆکانتیان نەبێت , بەجۆرێك هاوارکە هەموو سەر زەمین گوێی لێت بێت .

هێندەش بێدەنگ بە واهەست بکەن لەم ژیانەدا بوونت نیە ,ئەوەندە هەنگاو بنیٚ تا هەموو چاڵەکان تاقی دەکەیتەوە , هێندە سەر سامبە کە بەگێل ناوت نەبەن , ئاگات لەقسەکردنی خۆت بێت باسەر زەمین قەرەباڵەخ نەکەیت , هەرچۆن دەتەوێت جوان خۆت بپارێزی ئاواش زمانت بپارێزە .

بەلای ئەو گردانەدا مەڕۆ بۆنی ئایدۆلۆژیای لێدێت , سێبەری تۆ بەقەت سێبەری یەك لەشکر سامی هەیە بەرامبەر بەپاشاکان , دڵنیابە دەس بەرز کردنەوەیەکی تۆ سەد هێندەی دەس بەرز کردنەوەی پاڵەوانەکان گرنکترە بۆ گۆڕینی ئاراستەی ژیان , خۆت بەسوپا سالارەکان مەپێوە ئەوان لەخوار ئەژنۆی تۆوەن .

ئەگەر داهێنەر نەبی وەهم دەتکا بە جادوگەر . ئەوەندە پیاوەتیت خۆش بوێت گەنجیەتیت بپارێزیٚ , ئەو کاتەی هەوڵتدا ببیت بە کەسێکی گەورە دەبێت هەوڵیش بدەی کەسێك بدۆزیتەوە بۆ ناو ماڵەکەت کەواتە تۆ بەخەسار چویی , خەوتن لەسەر لاپەڕەی کتێبێك بۆتۆ گرنکترە لەخەوتن لەباوەشی پیاوێك .

خۆت بەخورافاتەکانی ئاینەوە خەریك مەکە باوەك حەشیشە کێشەکان موعتاد نەبیت , گەر دەسەڵات دارێکت بینی خۆت وەك ژەنەڕاڵێك پیشان بدە , کاتێك چویتە لای کرێکاریٚ بەجێی نەهێڵی تا کارەکەی لەگەڵ تەواو دەکەی .

لوتبەرزی بۆتۆ بەرامبەر بە دەسەڵات زۆر جوانە , سادەیشت بەرامبەر سەوزە فرۆشێك دەتکاتە حەکیم , هەولٚ مەدەببی بەنووسەر با بازوەکانت لاواز نەبن , باوەڕ بەنووسەرەکان مەکە ئەوەی دەیڵێن بۆخەڵکە نەك بۆخۆیان .

هەركاتێك نووسەرێكت بینی ئەوەندە باوەڕی پێبكە كەدەڵێت من ئینسانم , كاتێكیش بەجێت هێشت چەند درۆی بۆكردوی لەبیر خۆتیان بەرەوە مێشكی تۆ زبڵدان نیە .تۆ گەر هیچیش نەبیت لەنووسەرەكان گەورەتری .

ستەمكارەكان بۆئەوە نووسەر دروست دەكەن تۆ فێری خۆشباوەڕی بكەن , چی نووسین هەیە ناتوانی شارێكی من‌و تۆ بگۆڕێ , بەلاّم دوو ئێوارە تۆ بەتوڕەییەوە بچیتە سەر شەقام هەرچی سیستەم هەیە هەڵدەوەشێتەوە .سەیركە تۆ چەن گەورەی لەبەردەم بچوكی نووسەرەكاندا .

نووسەركان بۆئەوە دەنووسن تۆ بیان خوێنیەوە , تۆش تەنها جوامێرەكانیان بخوێنەوە بائەوانی تر لەبەردەم سێبەرەكەدا سوشدەببەن , گوێیان بۆمەگرە تا ناچارین وەك تۆ گەنج ببنەوە , ئامۆژگاری كەس وەرمەگرە ئەوانەی فێربون ئامۆژگاری تۆبكەن خۆیان پێویستیان بەكەسانێك هەیە فێری گفتو گۆیان بكات .بیرت نەچێت خەڵكی ولا ٚ!تێكی هەمووی خۆێنە كەواتە دەبێت بەخوێنی خۆت بنووسی .

تادەتوانی هەوڵبدە ڕۆشنبیر بیت , تا پێتدەكرێ مەچۆرە ناو ناوەندی ڕۆشنبیریەوە با ئەو جوانیەی كۆت كردوەتەوە لەدەستی نەدەی , گەر لەشارەكەی خۆتدا هەستت بەبۆگەنیەك كرد بزانە شارەوانی ماڵی ڕۆشنبیرێك پاك دەوكاتەوە .

بالەنێوان تۆو نیشتیماندا تەنها سێبەر هەبێت , هەركاتێكیش ولاّت پێویستی بەتۆ بوو لەناو مۆزەخانەیەكدا بگەڕێ بۆ پەتی سێدارە , نەكەی هەڵەی وابكەی لەسەر عاتیفە خۆت بكوژی چونكە عاتیفە خۆی كوشتنە .

وەلێ گەر عاتیفەشت نەبوو بیرت دەچێت کێ دایکی تۆبوە .دەربارەی ئەو هەنگاوانەی دەیان هاویت توشی بیماری ویژدان مەبە , لەگەڵ هەموو هەنگاوێکیشتا ئەوەندە ئازار بکێشە واهەست بکەی دنیات خراپ کردوە .

گوێ لەباوکەکان مەگرە , باوەڕ بەعادەتەکان مەکە , سیقەت بەدوا ڕۆژ نەبێت , کە باسی دوێنێیان کرد تۆ باسی ئێستا بکە , ووتیان سەمابکە تۆ دەسکە بەگریان , ووتیان ئیماندار بە تۆ ڕوبکەرە سەر شەقامەکان , ووتیان عەیبە گەورەبویت تۆ ئەوکاتە بەشوێن منداڵی و گەنجی خۆتا بگەڕێ ,

بەلام بیرت نەچێت کاتێك باوکت ووتی بمرە سەری خۆت بەرز مەکەرەوە تادەمریت . لەهەمووتەمەنت نەچیتە ناو سیستەمە خێڵەکی و چینایەتیەکانەوە , تۆ گەنجیت پێویستت بەحەسار نیە .

دەبێت وەك دینیسیۆس بژیت , کەواتە ئەو ئەسپەت نەوێت کەمەیتەرەوانی هەیە ,سواری ئەو گالیسکەیە نەبیت بەدیار مێژوەوە وەستاوە , تۆ هەمیشە لەدەرەوەی مێژویت تابتوانیت بەچاوە بازەکانت ڕوداوە خوێناویەکان ببینی , باهەمیشە کتێبێکی پیاوی مەزن (نیچە )ت لەبن دەسدا بێت ,

با کەوانەکەت بیرنەچێت هەرکاتێك ویستت تیری خۆت بەرەو گێلیەتی ئەوانی تر بهاوە , گوێ بەنەفرەتی ئەوانە مەدە کەوتەنەتە ژێر زەبری حەقیقەتی تۆوە ,تا نەکەویتە بەر نەفرەتی گێلەکان و پیرەکانەوە تۆ گەنج نیت .

تۆ ئەبێت وەك زۆربا بیت , تۆ ئەبێت خۆت با بیت خۆت تۆفان بیت , خۆت هێمنی و ژیری بیت , بچۆرە ناو مۆزەخانەکانەوە تا ڕابردوە خۆت بناسی , نەکەی ڕو لەکتێبە

**بێ ووشەكان بكەیتو خۆت خەسار بكەی , دایم ئەوانە بخوێنەوە كۆدیتایەك دەخەنە ناو عەقڵتەوە .**

**تۆ نابێت عاقڵبی تۆ دەبێت ژیربیت , كاتی خۆت بە عەدەمیەتی كۆمەڵناسەكانەوە مەكوژە , ئاگاداری خۆتبە نەكەویتە داوی دەروناسەكانەوە ئەوانەهیچ نین جگە لەتۆپەڵێ غەریزە .**

**وەختی خۆت بەفەلسەفەی ئاینەوە مەكوژە كەی بڕیارە تۆ خۆت گیل كەی , ئەوەی ئەوان دەیڵێن هێندەی هەیبەتی بەیانیەكی تۆ سەنگین نیە , لێگەڕێ باگەنجیت بای باڵی خۆی بدات , لێگەڕێ باپیرەكان ئەوەندە ئامۆژگاریت بكەن تاخۆیان عاقڵ دەبن , نەهێڵی هەموو شتێكت ببێتە ئاسودەی .**

**ئاسودەی بۆ ئەوانەیە بەشوێن لەزەتەوەن نەك تۆی ژیر , متمانە بە نووسەرو پێغەمبەرەكان نەكەی دایم هەوڵبدە درۆكانیان بدۆزیتەوە , لەو شوێنەی زانیت دەبی بە پێغەمبەرێك بەشارەوانی شارەكەت بڵێ بابێت وەك زبڵ فڕێت داتە دەروەی شار چونكە تۆ كەڵكت نەماوە و پێغەمبەرایەتی كۆتای هاتوە .**

**ویژدانی خۆت ئاسودەكە ,دەسەلاًت دارو پاشاكان لەویژدانی ئاسودە دەترسن , خەمت نەبێت پاشاكان ناوێرن سەیری دەموچاوت بكەن چونكە تۆ زۆرلەوان پاشاتری .**

**هەژارەكان هەمیشە تۆیان خۆشدەوێت چونكە تۆ هەژاریت , باهەژارێكت بەلاوە گرنكتربێت لەپاشایەك , هەژارەكان هەرچیەك بن لەپاشاكان زۆر پاكترن , ڕۆژنامەكان مەخوێنەوە بوونی ئەوان مەرگی كتێبەكانە .**

**هەموو بەیانیەك بەرلەوەی هەتاو هەڵبێت ڕۆژنامەکان بخوێنەوە تابزانیت کۆمەڵگەکەت چەند بیٚ مەعنایە , هەرچی لەڕۆژنامەکاندا دەیبینی عەیبوعاری ڕۆژنامە نووسەکانە . سەیری عەرەبانەیەکی سەوزە فرۆش بکەیت زیاتر فێردەبی لەوەی سەیری ڕۆژنامەیەك بکەی .**

**لەگەڵ ڕۆژگاردا تێمەپەڕە لەگەڵ خۆتدا تێپەڕە , تۆ خۆت ڕۆژگاری , کۆتای بۆخۆت دامەنیٚ تۆ کۆتایت نیە , کار بۆئەوە مەکە بگەیتە ئەبەدیەت دوای پەشیمان دەبیتەوە, ئەبەدیەتی تۆ لەئێستادایە .**

**هەرگیز لەخۆت ڕازی نەبی باوەکو دەسەلأت دارەکانت لێنەیەت , هێرش مەبە بۆ شتێك لەخۆت بچوکترە , مەچۆرە ژێر باڵی دەسەلأتەوە دەسەلأت زۆر لەوە بچوکترە شوێنی تۆی تێدا بێتەوە .**

**ئامۆژگاری کەس مەکە ئەوە قسەیەکە بەسەر چوە . گویٚ بۆهەموو کەسێك بگرە بەلأم باوەڕ بەکەس مەکە خۆت نەبێت , گویٚ لەگۆرانیەك مەگرە کەدەزانی بێدەنگت ناکا , لەگەڵ عادەتی خەڵکیا مەبە تۆخۆت عادەتی .**

**تا بەرپرسەکان بانگت نەکەن مەچۆ بۆلایان . کە قسەت بۆکردن لەبێئاگای بەرپرسەکانەوە قسەبکە , کە شزانی شتێك نیە پێیان بڵێیت گوێیان بۆمەگرە , نەبیتە گوێڕایەڵی دەسەلأت داران بانەتکەنە دەرگاوانی خۆیان .**

**وابکە کۆشکەکەی تۆ ئەوەندە گەورەبێت میرەکان بکەیتە دەرگاوانی خۆت ,لەشوێنێکا توڕەببە هەست بکەیت کاتیەتی , لەمردن نەترسی میوانێکە هەرکاتێك بیەوێت دێتەلات , وامەکە بەخۆت زوو بمری بامیرەکان دڵخۆش نەبن .**

**باهەمیشە متمانەت بەخۆت هەبێت , خەلأتی نووسەرو میرەکان وەرمەگرە بانەبیتە ڕەعیەت .**

خەلاّتی میرەكان زۆر باشترە لەخەلاّتی نووسەرەكان چونكە میرەكان پێیان خۆشە خەلاّتت بدەنێ بۆئەوەی عەدالەتی خۆیان دەرخەن , بەلاّم تۆ هەربەردەوام باسی ناعەدالەتی ئەوان بكە .

نەهێڵی پرینسیبەكان قەناعەتت پێ بهێنن كەتۆ منداڵی ئەو كۆمەڵگەیەیت . لافی ئەوە لێمەدە لەخەڵكی گەورەتری , گەروابكەیت لەگەڵ پاسەوانێكی سەر خوانی ماڵە هەژارەكان هیچ جیاوازیت نیە , تۆ مشەخۆر نیت ٬ تۆ گەنجیت .

با لەبەرانبەر خەڵك سادەبیت , وەلێ بەرانبەر دەسەلاّت داران لوتت بەرز بكەرەوە, باوەڕ بەخۆت بهێنە پێكەنینێكی تۆ لە ووتەی سیاسیەكان زۆر بەهێز ترە , ئەوەشت بیر نەچێت گەورەترین هاواری تۆ هێندەی هاواری زیندانیەك ترس ناخاتە دڵی ستەمكارانەوە .هەرچەند تۆ هاوار كەی لای سیاسیەكان هیچ مەعنای نیە .

مەچۆرە ناو خۆشەویستیەوە كەتۆ خۆت خۆشەویستی , خۆت مەدەرە دەس ئارەزوە بێ مەعناكانی دڵەوە بوونی تۆ لەهەموو شتێك بەنرخترو گەورەترە , هەرچی دڵت ویستی مەیكە ,با گومانەكانت زۆر لەكارگەی دابەشكردنی خوێن كەدڵە گەورەترین ,كاتێ شتێك ناناسی ڕەئی خۆتی لەسەر مەدە .

تا بۆچونێك نەناسی مەڵێ باشە , تۆ یەك پارچە لە ( نا ) یت , لە هەموو مەسەلەیەكدا ووشەی نات بیر نەچێت , گاڵتە بەهچ شتێكی هەژاران مەكە باپاشاكان دڵخۆش نەبن .

لەو شوێنەی گاڵتە بە قسەی كەناسێك دەكەی ئالەوێدا هیچ جیاوازیت نیە لەگەڵ ستەمكارێكا , ئەگەر خوو بدەیتە قەشمەری دەسەلاّت دارەكان كاتیان بۆدەلوێ پەرە بەڕابواردنی خۆیان بدەن ,دەبێت هەموو ژیانت بیماری بێت , چاو لەمیلەتە گەورەكان مەكە چونكە تۆ لەناو میلەتێكی بچوكدا دەژیت .

خۆت مەبەستەوە بەیادو بۆنەكان تۆ كاتی بۆنەكانت نیە .

ڕۆژێك دیاری مەکە بۆ بینینی خۆشیەکانت ئەمە کاری پیاوە ئاینیەکانە ,لەگەڵ کەسە ئاینیی و واعیزەکانا مەکەوەرە مناقەشە دەدۆڕێیت , لەهەر شوێنێك مێزەرێکت بینی بزانە ئەو میلەتە زۆری ماوە بگاتە ئەوەی عەقڵی خۆی دەرخات .
نەیەڵی چاوت ڕابێ بۆ بینینی ناشیرینیو ناعەدالەتی , نەیەڵی زمانت لەووتنی حەقیقەت لابدات , متمانە بەحیکایەتەکان مەکە , بوونی هەر مەسەلەیەك بەحکایەت وونکردنی ئەسڵی خۆیەتی .
تۆ گەنجیت , واتە تۆ ئەسڵیت .
کەچویت بۆ شارەکان ڕیشی شاعیرە پیرەکان ڕاکێشە , ئەوەندە شیعرە کۆنەکان بخوێنەوە ڕابردوی خۆت بناسی , باوەڕت بەبنەماو پایە نەبێت پایە ئەوەیە تۆ دایدەنێیت هەرکاتێکیش ویستت بیڕوخێنە .
هەرکەسێك ستایشی درۆزنانەی کردی بکێشە بەدەمیا , خۆتۆ میر نیت پێویستت بەستایش هەبێت , بێشەرمانە سەد جار ئەوانە شەرمەزارکە کەپێیان وابو زیندانی ئاکرێ جیاوازبو لە زیندانی قەلاَچۆلان .بەشوێن جیاوازی حزبە ئیسلامیەکانو حزبە عیلمانیەکاندا مەگەڕێ چونکە ئەوان لەبنەمادا وەکو یەکن .

هەرچیەکیان پێووتیهەڵیمەگرە خۆتۆ عەمباری قسە بێماناکانی خەڵك نیت , کاتێك باسی ئەدەبو شیعر کرا بەس گوێ بگرە ,تۆ ئەوەندە عاتیفی نیت بکەویتە شوێن خەیاڵی شاعیرە مەعاش خۆرەکان .
ئەوەی نایزانی بڵێ نایزانم , ئەوەی دەیزانی بۆخۆت هەڵیگرە ,نەیەڵی بکەویتە ژێر عەقڵی قوتاپخانەئەدەبیەکانەوە ئەم قوتاپخانانە بۆئەوانە دروست کراون هێشتا تەپوتۆزی مێژویان لەسەرە .
هەرچی بیت تۆ ئێستای , تۆ ئایندەی , تۆ گەنجیت .

خۆتلەعەبەسیەتو مارکسیەتو ئاین گەرایو ئەم شتە پوچانە بپارێزە. هێندە بوێربە شەق لەپەیکەرەکەی ئیبراهیم پاشا هەڵدەی , هەرکاتێك بەلای ئیبن مستەوفیا تێپەڕیت چەمۆڵەیەکی تێگرە تابزانێت تۆ چۆن ڕابردو شەرمەزار دەکەی .

خانی نەخوێنیتەوە باوەك سیاسیەکان دەس نەکەی بەڕابواردن , هەرشتێکت دەسکەوت بیخوێنەوە تەنانەت ناونیشانی دوکانو بازارەکانیش , دوای دانتی بکەوە لێگەڕێ بائەوان بۆخۆیان بدوێن , دوای خۆت بکەوە لێگەڕێ با دانتی بۆخۆی هەر قسەبکات .

بڕوا بەعەقڵی تەموو مژاوی نەکەی عەقڵی تۆ ویڵی سادەیە , گوتاری سیاسیەکان هیچی زیاتر نیە لەگوتاری تونچی حەمامێك , خۆت خەریك مەکە بەناسینی حزبەکانی وڵاتی خۆتەوە با ئەوان خۆیان خەریکەن بە ناسینی تۆوە .

بیر لەکورسی مەکەروە کورسی حەوشەی ماڵەکەتان بۆ تۆ قورسترە لە کورسی پاشایەك , ئەوەی سرشت بەتۆی داوە هەر ئەوەیە کەداویەتی بەفەیلەسوفێك , کەواتە ئەگەر تۆ خۆت بناسی تۆش فەیلەسوفی , بچۆرە ناو خەڵك باتەنیا نەبی , لەناو خەڵکا هەمیشە هەست بەتەنیای بکە .

تۆ دەبێت هەمیشە گەنج بیت .

ئازیز یەسنا , ئەمە تەنها کەمێك قسەکردن بوو لەسەر گەنجیەتی خۆمان تەمەنا دەکەم هێندە جوان ژیان بەڕێکەی مردن بەخیلی بە بوونی خۆی ببات , ئیدی ماندوم , زۆر ماندوم , بیرت دەکەم , خوات لەگەڵ بەڕێزم .

2006\ 4\ 10

**ماڵەكەم .......یەسنا**

**چۆنی؟!**

**ڕێگاكان كەسی بەهێزیان دەوێت , تابێت منیش لاواز دەبم , هەنگاوەكانم هێندە بچوك بونەتەوە هەست دەكەم لەكاتی ڕۆیشتنما لەمنداڵێكی سەرەتای دەچم , ئەگەر دوابكەوم دەبمە جێگەی شەرمەزاری بۆ براكان و خوشكەكانم , ئەگەر پێشیش بكەوم حەتمەن لە نیشتیمانێكدا ڕێگەم گرتوەتەبەر دڵنیام هاویشتنی هەنگاوێكی گەورە قاچەگانم دەبدڕێن .**

**لەهەموو حاڵەتێكا نائارامم , شەوان تا هەڵهاتنی هەتاو لەناو بێدەنگیا بیر لەسەفەرێك دەكەمەوە هەرگیز نایبینم , ئای چەند پێم خۆش دەبو لەم نیشتیمانە نەمامایەو بەدەس بەدبەختیو ئازاری دەرونیەوە ڕزگارم بوایە .**

**سەفەرەكانیش نەعلەتین , بومەتە هیولایەكی تەواو , دڵنیام تۆش بیر دەكەیتەوە ئێمە كەوتوینەتە ناو چ ڕۆژگارێك , ئەوەی كەمێك ڕۆحی كۆیلەیەتی لەخۆیدا شك بات دەتوانێت لەم وڵاتەی منو تۆدا ببێتە باشترین دەسەڵات دار , كەسە جوان و بەباوەڕەكانیش دەبێت لەسوچێكی ماڵەكەیاندا بەكەساسی بیر لەوونبونو مەرگ بكەنەوە .**

**ئەمەی من دەیكەم جگەلەكارێكی شێتانە هیچ ئایندەیەكی ڕونی تێدا بەدی نەكەم , ئەوەتا خەریكە هەق بەخۆشم دەدەم ببمە ڕێبەری تۆش , كارێكی شێتانەیە ئەم ڕێگە پێدانە .**

**چی دەبوو ئێستە باخەوانێك بومایەو بۆخۆم شەوان لەبری بیماری بیرم لە جوانی گوڵەكانم بكردایەتەوە , یان خۆ گوناه نەدەبو لەكەنار تۆوە بژیامایەو توانام هەبوایە پڕبەگەنجیم ئێوارەیەك پێبكەنم .**

ئەوەی کەدەمانەوێت بەزەحمەت بەردەستمان دەکەوێت , کەچی دەتوانین بە چرکەیەك لەدەس خۆمانی بدەین تۆ وات کرد .ئارەزوی پیاسەیەك دەکەم لەگەڵتا بەسەر شەقامەکان بێئەوەی گەڵاکان گوێیان لەو چرپانەبێت دەمەوێت پێت بڵێم , دور لەفزولی گەڵاکانەوە خۆشم ئەوێیت .

گریانەکانی سەردەمی منداڵی و بەرائەتت لەبیرم ماون , ئەوکاتانەی بەیانیان زوو لەگەڵ پاساریەکان هەڵدەسایت و دەهاتیتە بەردەم نووسینگەی ڕۆژنامەکەمان و چاوەڕێی منت دەکرد تابێم و پێت بڵێم شێتە بۆ بەم بەیانیە زوە هاتویت , تۆش پێم بڵێی لەبەر ئەوەی زۆرم خۆش ئەوێیت .

من هەرگیز باوەڕم نەدەکرد تۆ دەناسم , حەتمەن تۆش ئاوابویت , ئەوەی جێگەی سەر سوڕمانمە زۆربەی ئەو کاتانەی دەمەویست بت بینم قەدەرێك ڕویدەدا کەتۆ دەرکەویت , کەچی ئێستە شتێك نەماوەتەوە ناوی قەدەرو دەرکەوتنی تۆبێت .

ئای چەن خەمگین بویت بەکتێبەکانتەوە دەچویت بۆ قوتاپخانە , دەمەو عەسرانێك لەڕێگەی قوتاپخانە زۆر سەرنجم دایت ,نەمدەزانی ڕۆژێك دێت بەهەمان شێوە دەمەو عەسرانێك خۆت دەگەیەنیتە ماڵەکەم .

ڕۆژانی دووشەممەت لەبیر ماوە کەکاتی هاتنەکانت بوو بۆلام ؟!

ئێستە دووشەممان کەس نایەت بۆلام , نەك هەردووشەممان ڕۆژەکانی خودا هەمووی کۆکەرەوە جگەلەتەنیایم شتێکی تری تیانیە , کەتۆ ڕۆیشتی زۆر شتم لەدەسدا , زۆر شتی منت برد لەگەڵ خۆت .

دیمەنەکان باش دێنەوە بیرم , پێکەنینەکانت , دەمووچاوە سپیە نایابەکەت , باڵا جوانەکەت , توڕەبونە کەمەکانت , بێدەنگیت , زۆر شتی تریش بونە بەشێك لە بوونم. ماچەکانت , ئەمانە چی لێبکەم خۆ هی تۆن و بەمنت بەخشین .

**لێگەڕێ کارێکی زۆر خراپت کرد کەڕۆیشتی , بەڕاستی تالآنت کردم دلْ ڕەق , دوای ئەم  نامانەم ئیدی شتێکی ترم نەماوە ئاوا بەئاشکرای بۆت باس بکەم , ئەوەی ماوە ئەو چرپانەن کە هەرگیز نامەوێت بیان خەمە سەر ڕوپەڕی نامەکان , چرپە گەلێکن تەنها بەخۆتیان ئەبەخشم ,قسە گەلێکن بەس بۆ تۆیان دەکەم , ئەگەر هاتیتەوە دلْم پڕە لە قسەبۆت .**

**زۆر ماچت دەکەم ئازیزم یەسنا .**

2006\ 4\ 14